زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر
University of Salahaddin

# ڕۆلی دایک و باوک لە ڕێنمایی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا لە بواری پەروەردەو فێرکردن

لێکۆڵینەوەیەکی دەرچوونە، لەبواری پەروەردەیی
پێشکەش بەکۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، بەشی زمانی کوردی، کراوە
وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی

ئامادەکردنی لەلایەن قوتابییان

یسرا وهاب ڕشید                    زینب محمد علی

بەسەرپەرشتی

م. نظام حسن رشید

نیسانی ٢٠٢٤

## ناوەڕۆک


| ز | بـــابـــەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | پێشەکی | ١ |
| ٢ | بەشی یەکەم: تەوەری یەکەم: پرۆسەی فێرکاری | ٤ |
| ٣ | سیستمی فێرکاری | ٤ |
| ٤ | پەروەردە | ٤ |
| ٥ | فێرکردن | ٥ |
| ٦ | فێربوون | ٦ |
| ٧ | بەشی یەکەم: تەوەری دووەم: ڕەگەزەکانی پرۆسەی فێرکاری | ٧ |
| ٨ | قوتابخانە | ٧ |
| ٩ | مامۆستا | ٨ |
| ١٠ | قوتابی | ١٠ |
| ١١ | پرۆگرامی خوێندن | ١١ |
| ١٢ | بەشی یەکەم: تەوەری سێیەم: زمان و لقەکانی زمانی کوردی | ١٢ |
| ١٣ | پێناسەی زمان | ١٢ |
| ١٤ | لقەکانی زمان بەگشتی | ١٢ |
| ١٥ | خوێندنەوە | ١٤ |
| ١٦ | نووسین | ١٥ |
| ١٧ | بەشی دووەم: تەوەری یەکەم | ١٧ |
| ١٨ | تەکنەلۆژیا | ١٧ |
| ١٩ | ئامێرە ئیلیکترۆنییەکان | ١٨ |
| ٢٠ | لایەنە باشەکانی تەکنەلۆژیا | ١٩ |
| ٢١ | لایەنە خراپەکانی تەکنەلۆژیا | ٢٠ |
| ٢٢ | بەشی دووەم: تەوەری دووەم: ژینگەی قوتابی | ٢٢ |
| ٢٣ | ڕۆڵی دایک و باوک | ٢٢ |
| ٢٤ | خێزان | ٢٢ |
| ٢٥ | دایک | ٢٤ |
| ٢٦ | باوک | ٢٥ |
| ٢٧ | پەیوەندی نێوان قوتای و دایک و باوک | ٢٦ |
| ٢٨ | پەیوەندی نێوان قوتابخانە و دایک و باوک | ٢٧ |
| ٢٩ | ئەنجام | ٣٠ |
| ٣٠ | سەرچاوە | ٣١ |

## پێشەکی

توێژینەوەی زانستی، هۆکاری بەرەو پێشچوونی هەر بابەتێکە لەژیاندا، کە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت. بواری پەروەردەو فێرکردن، دونیایەکی فراوانەو دەرفەتی توێژینەوەی زۆرە. ئێمەی توێژەران لێرەدا لەژێر ناوی (ڕۆلی دایک و باوک لە ڕێنمایی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا لە بواری پەروەردەو فێرکردن) ئەم توێژینەوەیەیان ئەنجامداوە.

خێزان یەکەم قوتابخانەیە بۆ پەروەردەی منداڵ. منداڵ هەر لەخێزانەوە زمانی دەگرێ بۆ قسەکردن. هەر لە دایک و باوکەوە فێری خورەوشت و پەروەردە دەبێت.ئەگەر قوتابی لە ماڵەوە پشتگوێ بخرێت، لە قوتابخانە فێرنابێت و ئەگەر لە قوتابخانەش پشتگوێ بخرێت، دیسانەوە فێر نابێت.

سیستەمی نوێی خوێندنیش جەخت لەسەر پەیوەندیەکی توندوتۆڵ دەکاتەوە لەنێوان مامۆستا لەگەڵ دایک و باوکی قوتابیاندا. پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن پرۆسەیەکە تیۆری و پراکتیکیە، مامەڵەی مامۆستا لەگەڵ قوتابی لە ژینەگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی تر لە قوتابییەکەوە بۆ قوتابیەکی تر لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر دەگۆڕێت و جیاوازە. ئاستی رۆشەنبیری کۆمەڵگە و دایک و باوکی قوتابی رەنگدانەوەی لە پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن هەیە. چارەسەر کردنی ئەمەش بە یەک گەیشتنی خێزانی قوتابیە لەگەڵ قوتابخانە، کە بە جۆرەها شێواز دەبێت لە سەردەمی ئێستادا. بۆ نمونە لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە پەیوەندی دروست بکەن.

لە ڕابردوودا بۆ ئەوەی دایک و باوکی قوتابی لەگەڵ مامۆستاکان قسە بکەن، بۆ هەر کار و چالاکیەک پێویست بوو یەکیتر ببینن، بەڵام ڕێگەی تەکنەلۆژیا ئاسانکاریە بۆ پەیوەندی نێوانیان، دەتوانن لە ڕێگەی ناردنی یەک ئیمێڵەوە مەبەستەکەیان بپێکن. ئەمەش بۆ مامۆستایان و خێزانی قوتابیان ئاسانە لە هەر شوێنێک بن لە پەیوەندی بمێننەوە، جا بەهۆی ناردنی ئیمێڵەوە بێت یان ئەو ئەپە نامەبەرانەی ئێستا لە بواری تەکنەلۆژیاو ئەنتەرنێتدا هەیە.

یەکێکە لە گۆرانکاریە گرنگەکانی پەروەردەو فێرکردن لەڕێگەی تەکنەلۆژیاوە، بریتیە لە پێدانی وانە بە جۆرەها ڕێگەو شێواز. مامۆستاکان دەتوانن ڤیدیۆ تۆمار بکەن و بە هاوکاری خێزانی قوتابی بۆ قوتابیەکان بنێرن. ئێمەی توێژەران لە توێژینەوەکەماندا باس لەو پەیوەندیە دەکەین کە بە چ شێوازێک بێت و ڕۆلی دایک و باوک چی دەبێت لە ڕێنمایی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بۆ بواری پەروەردەو فێرکردن و چۆن مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانیان

دەکەن لە کاتی بەکارهێنانی هەر ئامێرێک لە ئامێرەکانی بواری تەکنەلۆژیا بۆ خوێندن.
سنور دانان بۆ کات و شوێن و شێواز لە بەکارهێنانیان بەتایبەت  لە بواری خوێندن.

لێرەوە دەکرێت بڵێین پاساوی کارکردن لەژێر ئەم ناونیشانەدا کەواتە بایەخ و گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە هوشیاریی دایبابن زیاتر دەکات لەپرسی پەروەردەو فێربوونی منداڵەکانیان، هەروەه جەخت دەکاتەوە لەسەر تۆکمەیی و پێویستبوونی پەیوەندی نێوان ماڵ و قوتابخانە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە. لەبەشی یەکەم بەسێ تەوەر باس لە چوارچێوە تیۆری و چەمکە پەروەردەییەکان کراوە. هەروەها ڕەگەزە سەرەکییەکانی پرۆسەی فێرکاری شی کراونەتەوە. لەبەشی دووەمیشدا لەمیانەی دوو تەوەردا، باش لە ڕۆڵ و گرنگی دایکان و باوکان کراوەتەوە سەبارەت بە پرسی چۆنییەتی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا لەلایەن منداڵەکانییانەوە، دواتر بە خستنە ڕووی چەند ئەنجامێک و دانانی لیستی سەرچاوەکان کۆتایی بە توێژینەوەکە هاتووە.

## بەشی یەکەم

### تەوەری یەکەم: پرۆسەی فێرکاری

پرۆسەی فێرکاری، بەیەکێک لەگرنگترین پرۆسەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دادەنرێت. رنگی ئەم پڕۆسەیە لەوەدایە کە (پێشکەوتن و دواکەوتنی هەر وڵاتێک بەهەڵسەنگاندنی سیستەمی فێرکاری ئەو وەڵاتە، پێوانە دەکرێت. ئەگەر بەها بنەما مروڤایەتیەکان رەنگدانەوەیان لەبەرنامەی کاری قوتابخانەکاندا هەبوو ئەوە دەکرێت بەو سیستەمە بگوترێت سیستەمی دیموکراتیی فێرکاری) (قەرەداغی، ٢٠١١، لا، ١٥). گرنگی و هەستیاری ئەم پڕۆسەیە لەوەدایە، کە پرۆسەیەکی چالاکەو بەردەوام لە گۆڕان و بەرەو پێشچووندایە. ئەوەتا سەرچاوەیەک لەمبارەیەوە دەڵێت: (سیستەمی فێرکاری هەموو ئەوەی ئێستا دەیبینین دەربارەی قوتابخانە و پرۆسەی فێربوون و فێرکردن تێیدا وەک دوایین پێشکەوتن و باشترینیان لەوانەیە دوای ماوەیەک بۆمان دەردەکەوێت کە هەڵەیەو هەموو ئەو شتانەی ئێستا دەبینین لەوانەیە لە داهاتوودا بە پێچەوانەوە دیار بێت). العدس، ٢٠٠٠، لا، ١٥). پرۆسەی فێرکاری لەچەندین ڕەگەز و پێکهاتەو تووخم پێکدێت، هەموویان بەسەر یەکەوە بەشێوەیەکی سیستماتیک کارلێکتر دەکەن. دەتوانین بڵێین پەروزەردەو فێرکردن دوو توخمی سەرەکین و، ڕەگەزەکانی تر کار بۆ هاتنە دییان دەکەن.

ئەم دوو پرۆسەیە گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە لە قوتابخانەکان پەروەردە پرۆسەیەکە بۆ پەروەردەکردنی تاک بۆ ناساندنی خود ، وڵات ، کلتور، پێکەوە ژیان ... ، گرنگە لە پرۆسەی پەروەردە ئەزموونی وڵاتانی دەوروبەر بزانی. یاخود ئامادەکردنی مرۆڤێکی چاکە خواز، بۆ ئەوەی مامەڵەیەکی تەندروست و چالاک و سوودبەخشانە لەگەڵ ژیان و کۆمەڵگەدا بکات. نووسەرێکی تر دووپاتی رنگی ئەم پرۆسەیە دەکاتەوە دەنووسێت: (پڕۆسەی پەروەردەوە فێرکردن واتا پێگەیاندنی تاک بە شێوەیەکی تەندروست و سوودبەخش و بەرهەمهێن، بەجۆرێک لە داهاتوودا قازانجی گشتی هەبێت بۆ مرۆڤایەتی و بەتایبەتی کۆمەڵگەکەی).(سلام، ٢٠١٥). کەواتە دەرکەوت کە ئەم پرسە یەکێکە لە پرۆسە هەرە گرنگەکانی بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگا و پەیوەستە بە ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی کۆمەڵگاوە. چونکە ئەم پڕۆسەیە گرنگی بە هەموو بوارەکانی ژیان دەدات.

### پەروەردە

پەروەردە کردارێکی ڕێک و پێک و ئامانجدار و بەردەوامە. هەروەها لێرەوە دەتوانین پەروەردە بە پڕۆسەیێکی گرینگ دابنێین. چونکە لەڕێگەی پەروەردەوە هەموو تاکێکی نێو کۆمەڵگا لە ئایندەدا تاکێکی سەرکەوتووی لێ دەردەچێت. بۆ ئەم مەبەستەش گەلێ بیرمەند و نوسەر قسەیان کردوە و لێکدانەوەی خۆیان بۆ ئەم بابەتە هۆنیوەتەوە. یەکێک لەو سەرچاوانەی بەم شێوەیە ئاماژەی پێکردوە و دەڵێت: (پەروەردە پڕۆسەیەکە تاک لەو ڕێگەیەوە فێری ئەزموون و تاقیکردنەوە دەبێت، تا لە ئایندەدا جوانترین و باشترین شێوە لە کار و کردارەکانیدا سودی لێ وەر بگیرێت و بەکاری بهێنێت). (حەمەد،٢٠١٥، لا، ٩). هەروەک نوسەر ئاماژەی پێکردووە، لە ڕێگەی پڕۆسەی

پەروەردەوە تاکێک فێری ئەزموون و تاقیکردنەوە دەبێت و تاکێکی لێهاتووی لێدروست دەبێت. سەرچاوەیەکی تر پەروەردە بەژیان دادەنێتن بۆ هەرتاک و کۆمەڵگەیەک، هەروەک دەنووسێت: (پەروەردە ژیانە و پرۆسەی گونجاندنی مرۆڤ و ژینگەکەیەتی). (همشری،٢٠٠٧،لا، ١٥). ئەمانە هەموو پێکەوە کاردەکەن بۆ برەودان بە گشت لایەنەکانی کەسایەتی تاکە کەس.

## فێرکردن

فێرکردن پرۆسەیەکی ڕێکخراوی ئامانجدارە، دەبێتە هۆی کرداری فێربوون بەو خواست و ویستەی دەویسترێت. هەروەها فێرکردن بەشێکە لە پرۆسەی پەروەردە، پرۆسەیەکی دەرەکییە لەلایەن مامۆستایان کەسانی دیکە جێبەجێ دەکرێت، بە مەبەستی فێرکردنی کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک، هەروەها پرۆسەیەکە لەناو خوێندنگایان لە دەرەوەی خوێندنگا جێبەجێ دەکرێت. بەپێی سەرچاوەیەک، (فێرکردن چالاکیەکی بەردەوامە و ئامانجی وروژاندنی پاڵنەرەکانی فێرخوازە بۆ فێربوون، کە کۆمەلێک چالاکی و بڕیار لە خۆ دەگرێت، کە فێرکار یاخود فێرخواز لە دۆخە فێرکارییەکاندا ئەنجامی دەدەن). ( الحيلة، ١٩٩٩، لا،٢٢). هەروەها لە بارەی فێرکردنەوە وتراوە (فێرکردن بریتییە لە وەرگرتنی چەمک و وانەکان لە ڕێی ڕوونکردنەوە و وێناکردن و هێما و بەڵگەهێنانەوە و بەراوردکردن و خوێندنەوە و بیرکردنەوەوە) .(القائمي، ١٩٩٥، لا،٣٠). کەواتە دەرکەوت پرۆسەی فێرکردن زۆر گرنگە و لەهەموو قۆناغێکدا پێویستە برەوی پێبدرێت، بەتایبەت لە قۆناغی بنەڕەتییدا.

فێرکردن کردەیەکە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە مامۆستاوە، واتە فێرکار، لەهەمان کاتیشدا، ناڕاستەوخۆ پەیوەستە بە فێرخوازەوە، واتە فێربوون. بۆیە لەفێرکردندا هاندان و وروژاندن و پاڵنەر هەیە بۆ فێربوون. هەروەک سەرچاوەیەک لەمبارەیەوە دەڵێت: (چالاکییەکی بەردەوامە ئامانجی وروژاندنی پاڵنەری فێرخواز و ئاسانکردنی فێربوونە). (محمد، ٢٠٢١، لا، ٢٤). لێرەدا ئەەر سەرنج بدەین، قوتابی لەنێوان فێرکردن و فێربووندا، پێویستی بەهەوڵی خودی ناوەکی خۆی هەیە و لەولاشەوە پێویستی بە هەوڵی دەرەکی هەیە، کە ئەویش مامۆستایە. پاڵپشتی بۆ ئەم ڕاستییە ئەم سەرچاوەیەی لای خوارەوەیەو، کە تێیدا هاتووە: (فێرکردن پرۆسەیەکی دەرەکییە، لەلایەن کەسانی پسپۆر بە مەبەست فێرکردنی کەسێک یان گروپێک ئەنجام دەدرێت). (قادر، ٢٠٢١، لا، ٤٤). کەواتە هەرکات باسی فێرکردن یان فێربوون دەکرێت، هەست بە هەبوونی پەیوەندییەکی تەواو دەکرێت لەنێوان ئەم دوانەدا. ئەواتە سەرچاوەیەک لەمبارەیەوە نووسیوێتی: (فێرکردن مامەڵەی نێوان مامۆستا و فێرخوازە، بەپێی ئامانج و ژینگەکە، لەسەر بنەمای پەیوەندی نێوانیان، کەئەرکی یەکەمیان گواستنەوەو گەیاندنی زانیاریە لە هەر بوارێک بێت بۆ کەسی دووەم بە مەرجێ ویستی و ئیرادە بۆ وەرگرتنی هەبێت). (رسول، ٢٠١٤، لا، ١٣). لێرەدا لێکۆڵەران بە پێویستی بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکە باس لە رنی پرۆسەی فێرکردن دەکەنەوە، لەوبارەی کە ئەم لێکۆڵینەوەیە دەیەوێت خزمەتێک پێشکەش بکات بە بواری فێرکردنی زمانی کوردی لەبازنەی یەکەم، بەتایبەت هەردوو لقی خوێندنەوەو نووسین.

## فێربوون

سەرەتا پێویستە ئەوە بگوترێت، فێربوون پەیوەستە بە خودی فێرخوازەوە. بەڵام ئەوەی لێرەدا لێکۆڵەران دەیانەوێت لەم لێکۆڵینەوەیە باسی لێوە بکەن، بریتییە لەو فێربوونەی کە لەقوتابخانەدا ڕوودەدات. بێگومان مامۆستا و ڕێگاکانی وانەوتنەوە ڕۆڵیان هەیە لەوەی کەوا فێربون چالاک بکەن. سەرچاوەیەک بەم شێوەیە باس لە فێربوون دەکات و دەڵێت: (فێربوون بریتیە لەنەخشەرێگا و پلانی تایبەتی فێرخوازان بۆ فێربوونی بابەتە جیاوازەکانی پرۆگرامی خوێندن و کارامەیی و مەعریفە نوێیەکانی لەلایەن مامۆستایان دەخرێنە روو. هەرووها فاکتەری سەرەکییە بۆ ئەو مەعریفە و کارامەییانەی فێرخواز لەپرۆسەی پەروەردە فێریان بووە، بتوانێت بە شێوەیەکی زانستیانە لە هەڵوێستی نوێدا جێبەجێیان بکات). (قادر، ٢٠٢١، لا، ٤٧). فێربوون لە ڕەفتاردا دەردەکەوێت و گۆڕانی بەسەردا دێنێت، لەمبارەیەوە سەرچاوەیەک پێی وایە کە: (فێربوون گۆڕانێکی نیمچە بەردەوامە لە رەفتاری تاک لەڕێی ئەزموون و مەشقکردن و ڕاپەراندنەوە دروست دەبێت). (محمد، ٢٠٢١، لا، ٢٣). بۆیە پێویستە ئەم فێربوونە کەش و هەوایەکی باشی بۆ برەخسێنرێت، هەروەک ئەم سەرچاوەیە لەمبارەیەوە دەڵێت: (فێربوون و وەرگرتنی زانست دەبێت لە کەشێکی کراوە و شەفافدا رووبدات). (قەرەداغی، ٢٠١١، لا، ١٣). لەلایەکی ترەوە (فێربوون بریتییە لە وەرگرتنی دابونەریت و زانیاری و ئەو بیرۆکانەی تاک دوای لەدایک بوون فێریان دەبێت، ئەمیش بە ڕێگای مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەو ژینگە کومەڵایەتییەی کە تێیدا دەژێت و گەورەدەبێت، چونکە ژینگەی کومەڵایەتی کاریگەریی زۆری لەسەر فێربوونی تاک هەیە لە هەموو بوارە جیاجیاکانی ژیان). (عەبدوڵلا، ٢٠٢١، لا،٧٧).

ئەوە ڕوون بووەوە کە فێربوون پرۆسەی چەسپاندنی ئەو زانیاریانەی کە فێرخواز وەریگرتوە لە چوارچێوەی پرۆسەی فێرکردن. واتا فێربوون دەشێ بەرهەمی فێرکردن بێت، فێربون پرۆسەیەکی بەردەوامە تیایدا مرۆڤ لێهاتووی و کارمەیەکانی زیاد دەکات. بێگومان فێربوون یەکێکە لە ئانجە سەرەکیەکانی فێرکاران بۆ بەدی هێنانی پرۆسەی فێرکردنیش پێویستە فێرکاران ڕێگا و شێوازی سەردەمی و تۆکمە بگرنە بەر بەپێی بەرنامە و پلانی داڕێژراو بەتایبەتی بازنەکانی سەرەتای خوێندن کە زۆر گرنگن بۆ ژیانی هەر تاکێکی کۆمەڵگا چونکە ئەو قۆناغە بناغەی دەوڵەتەوڵەتیش گەر بناغەکەی باش نەبێت ئەو وڵاتە ڕۆژ لە دووای ڕۆژ بەرەو خراپی دەچێت، بۆ ئەم مەبەستەش نوسەرێک دەڵێت: (زۆر لێدانەوە بۆ پرۆسەی سێگۆشەی فێربوون هەیە هەندێک کەس سێگۆشەی فێربون بەوە لێک دەدەنەوە کە بریتییە لەمامۆستا، فێرخواز، بابەت یان ستراتیژ، فێخواز، بابەت، ماڵەوە). (اسماعیل، ٢٠١٤، لا، ١٥٩). بەڵام گرنگترینیان چۆن دەتوانین هەموو گۆشەکان بۆ خزمەتکردنی فێرخواز تەرخان بکەین،ئەگەر نەتوانرا بایەخ بە فێرخواز بدرێت، ئەوا نەوەیەک دروست دەبێت لە زۆر شت بێبەش دەبێت، بەشێوەیەک ناتوانێت خزمەتی خۆی و کۆمەڵ بکات چونکە پێشکەوتنی هەر وڵاتێک و دوارۆژی ئەو وڵاتە بە فێرخوازەوە بەندە.

## بەشی یەکەم

### تەوەری دووەم: ڕەگەزەکانی پرۆسەی فێرکاری

بێگومان پرۆسەی فێرکاری لەکۆمەڵێک ڕەگەزی سەرەکی و لاوەکی پێکدێت. ئەم ڕەگەزانەی فێرکاری هەموویان پێکەوە ڕۆڵیان هەیە لەسەر فێربوونی فێرخوازان و تەواوکاری یەکترن. لێرەدا لێکۆڵەران باس لەچەند ڕەگەزێکی گرنگ دەکەن.

### قوتابخانە

قوتابخاتە لە کۆنەوە تاکو ئێستا زۆر گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە لە کۆندا بە مزگەوت و حوجرە وتراوە قوتابخانە واتا خوێندن لەو شوێنانە بووە بەڵام دواتر بە تێپەڕ بوون و پێشکەوتنی سەردەم گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، (قوتابخانە بریتییە لەگرینگترین دامەزراوەی فەرمی پەروەردەیی و فێرکاری و کۆمەڵایەتی. قوتابخانە سەرەتای دەست پێکردنی ئامانجە و دوارۆژی مرۆڤ ڕۆشن دەکاتەوە). (خۆشناو، ٢٠٢٣، لا، ٧٨). هەروەها هێمایە بۆ هۆشیاری کۆمەڵگەی قوتابخانە بەوەی کە ژینگەی جوان و پاک، پاڵپشتی فێرکردن و فێربوون دەکات و گەواهییە بۆ ئاکاری ئەرێنی، و دەگونجێ لەگەڵ دەروون دروستی. ڕێک یەکێکە لە کۆڵەگە یاریدەدەرەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی قوتابخانە بە گشتی. جوانکردنی قوتابخانە بەرپرسیاریەتێکی هاوبەش و قوتابیان و کۆی کارمەندان بەشداری تیادەکەن، بەڵام ئەم بەرپرسیارەتییە وەدەستهاتووە، واتە لەخۆوە نەهاتووە، بەڵکو قوتابیان فێری دەبن و جێبەجێشی دەکەن بەسەرپەرشتکردنی دەستەی فێرکاری و ئەمەش تەنها بە پێشڕەوان دەکرێ، بە چالاکییە جۆراوجۆرەکانیشەوە وەدی دێت. قوتابخانە لە توانایدایە گەشە بە قوتابیان بدات لە گشت بوارەکان ( ئاوەزی، هەڵچوونی وێژدانی، کارامەییەکان، کۆمەڵایەتی و کەسی ) و کەسایەتی سەرکردانەی بنیات بنێ لە ڕێی چالاکییە جۆراوجۆرە پەروەردەییەکان.

لەسەرتاترین پێناسە بۆ قوتابخانە ئەوەیە کە (قوتابخانە ڕێکخراوەیەکی کۆمەڵایەتیە کە ئەرکی فەراهەم هێنانی ژینگەیەکی لە باری پەروەردەیی و فێرکاریە بۆ قوتابیەکان، پێویستە بە شێوەیەک سیستەم و یاساکانی ڕێک بخرێت قوتابی ئارەزوی بۆ خوێندن زیاد بکات و حەز بکات بۆ قوتابخانەکەی بچێت. لەلایەکی ترەوە قوتابخانە (بریتییە لەپەیمانگای پەروەردەو فێرکردنە خاوەن یاسای تایبەت بەخۆیەتی بۆ ڕێکردنی کارەکانی ، ئەو یاسایەن دەبێت ببێتە فێربوون و هاندانی قوتابی بۆ خوێندنەکەی). علی، ٢٠٠٧، لا، ١٤٣–١٤٥). لەگەڵ ئەوەشدا قوتابخانە پێکهاتوە لەو قوتابیانەی کە لە ژینگەی جیاوازەوە هاتوون و لە هەمان قوتابخانە و پۆلدا بە یەکەوە وانەکانیان دەخوێنن ، پێویستە هەموو قوتابیەک فێری یاساکانی قوتابخانە ببێت و پەیڕەویان بکات بە هاوکاری خێزانەکەی ..لەم سەرچاوەیەش باسکراوە دەڵێ ( قوتابخانە: بە یەکێک لە دامەزراوەکان دادەنرێت لە ڕێکخستن و ئاراستە کردنی کۆمەڵایەتی ، واتە قوتابخانە دەتوانرێت

ببێت بە سەرچاوەیەک بۆ تێکەڵاو بوون و گفتۆگۆکردنی منداڵ لەگەڵ دەوروبەرەکەی و خێزانەکەی بە شێوەیەکی ڕێک و ژیرانە و تێگەیشتوانە.

کەواتە ئەرکی قوتابخانە بریتییە لە فێربوونی فێرخواز تێیدا. ئەوەتا ئەم سەرچاوەیە بەم شێوە باس لە قوتابخانە دەکات و دەڵێت: (دەبێت قوتابخانە قوتابیەکان فێری ئەوە بکات کە توانای تێگەشنیان لەشێوەی ژیان و بیرکردنەوەی کەسانی تر هەبێت). قەرەداغی، ٢٠١١، لا، ١٤). کەواتە قوتابخانە بەرپرسە بە پێدانی زانیاری لەگش بوارێکدا بە فێرخوازان. هەروەک لەم سەرچاوەیەدا بەدی دەکەین: (قوتابخانەدا فێربوون بریتیە لە وەرگرتنی ئەو یاسا و ڕێسا تایبەتیانەی کە پێویستە بو ئاشنا بوون کەشی قوتابخانە، گوێرایەڵی بوو ئەم یاسایانەقوتابی هان دەدات بۆ ئەوەی بەردەوام ڕێز لە ماموستا و دایک و باوکی بگرێت، تاببێت نموونەیەکی پێشەنگی کەمەڵگە).

قوتابخانە هۆکارێکی گرنگە بۆ فێربوون و فێرکردن،هەر وەک زانایان ئاماژەیان به قوتابخانە کردەوە لە ڕووی (پەروەردە و فێربوون) ەوە بە ماڵی دووەمی قوتابی دایان ناوە ، چونکە قوتابخانە ڕۆڵێکی گرنگی گێراوە لە دروستکردنی کەسایەتی و بەرەو پێشبردنی ئاستی زانستی و مەعریفی تاکەکانی نێو کۆمەڵگا. لەکۆتاییدا پێویستە ئەوە بگوترێت، کە قوتابخانە بەبێ هەبوونی مامۆستا هیچ بایەخێکی نییەو ناتوانێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، هەربۆیە لێرەدا لێکۆڵەران باس لە مامۆستا و ڕۆل و گرنگییەکەی دەکەن.

## مامۆستا

بێگومان هەموو کەس نابێتە مامۆستا و شایەنی ئەوە نییە پێ بڵێیت مامۆستا. چونکە بەو کەسە دەڵێن مامۆستا کە زانست و زانیاری دەبەخشێت بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی خوێندەوار، هەموومان قەرزاری مامۆستاکانمانین، بە خوێندەوار و نەخوێندەوار بە خاوەن بڕوانامەی بەرزو دکتۆرا و پرۆفیسۆر تا دەگاتە ئەو کەسەی بڕوانامەی نییە. مامۆستا هەمیشە لە پێناو پەروەردەکردن و فێرکردنی منداڵانمان تەمەنی گەنجی دەبەخشێت و ڕۆڵەکان لە تاریکی ڕێگای نەزانی دەخاتە ڕێگای ڕاست و ڕوناکی بەو زانستەی هەیەتی. دەبینین لەم سەرچاوەیشدا ( توێژەرێکی بواری پەروەردە و فێرکردن (دیفز) باس لە مامۆستا دەکات و ڕوونی کردۆتەوە کە مامۆستا وەک بەڕێوبەر و کەسێکی پێشەنگە لە پرۆسەی فێرکردندا ، بەمەش لە زۆربەی پیشەکانیتری جیاکردۆتەوە ، کە مامۆستا هەر خۆی جێبەجێکار و سەرپەرشتیکارە لە پۆلدا و بێ ئەو پرۆسەکە بەڕێوە ناچێت. (رسول، ٢٠١٤). لەلایەکی ترەوە ئەو پرسیارە بە مێشکی زۆر کەسدا دێت کە مامۆستا کێیە؟ (مامۆستا ئەو فەرماندە پەروەردەییەیە، کە پێشەنگی پرۆسەی گەیاندنی شارەزایی و زانیارییە پەروەردەییەکانە، ڕێنوێنی ڕەفتار و هەڵس کەوتی ئەو فێرخوازانەیە کە وانەیان پێدەڵێتەوە.

بەڵێ ئەو (مامۆستا) فەرماندەیەکی پەروەردەیی گۆڕەپانەکەیە، شەڕ و بەرەنگاربوونەوەکانی هەموو ڕاستەوخۆ دژی نەزانین و دواکەوتووییە،زۆر ئازایانە و سەرکەوتووانەش بە چەکی بیر و باوەڕێکی پتەو بە پەروەردگار و لەبەر ڕوناهیا ئەو زانستانەش کە هەیەتی و پێی پڕچەکە،

بەردەوام ڕۆژانە هەر لە بەیانییەوە تا ئێواری سەرکەوتن بە دوای سەرکەوتندا وە دەست دەهێنێ، کە بەم هەوڵ و هیممەتەشی دڵی هەموو ئەو خەڵکانەی دەوروبەری خۆش و شاد و ئاسوودە دەکات. (یەحیا، ٢٠١٣، لا، ٥١). بێگومان مامۆستا هۆکار و سەرچاوەی تێگەیاندن و پێگەیاندی قوتابی و پێشکەوتنی کۆمەڵگایە، مامۆستا لەسەرەتادا زانست و زانیاری فێری قوتابی دەکات کە ڕێگای جۆراوجۆر دەگرێتەبەر بۆ ئەم مەبەستە هەروەها قوتابی پەروەردە دەکات کەسایەتی بۆ دروست دەکات وە زیرەک و بوێر و ئازاو لێهاتوو بێت، مامۆستا هۆکارەکە دەبێت و قوتابی دەرئەنجامەکەی کە لێی دەکەوێتەوە، لە بازنەی یەکەمدا مامۆستا وا دەکات کە قوتابی خەونی هەبێت بۆ داهاتووی حەز بکات ببێتە شتێک خەونی بۆ دروست دەکات، وە متمانەی بە تواناکانی خۆی هەبێت بۆ خوێندنو ئەنجامدانی کارەکان گیانی هاوکاری تێدا دروست دەکات کە لە داهاتوو سودی بۆ کەمەڵگاکەی هەبێت خزمەت بە کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی بکات. هەروەها خۆشەویستی بۆ کارەکەی خۆی هەبێت و تاکێکی چالاک و بوێر بێت کە ئەمانە هەمووی لە قوتابیدا پێدەگەنێت و پێی دەبەخشێت بە شێوەیە پێی دەگەیەنێت. (مامۆستا هۆکارێکی پیرۆزە بۆ تێگەیاندن و پێگەیاندنی قوتابی و پێشکەوتنی کۆمەڵگا و لەم دەستەواژەیە ئەمە بەرچاو دەکەوێت کە ڕۆڵی مامۆستا وەکو (هۆکار) ڤەڕێژی ئەوەی لێ دەکەوێتەوە و قوتابی دەبێتە (دەرنجام)، مەبەست لە بوونی مامۆستا و پیرۆزیی پیشەکەی دروستبوون و ئامادەکردنی قوتابییە بۆ ئەوەی کۆمەڵگا سوودی لێ ببینێت و ببێتە تاکێکی کارا و بە جورئەت و لێهاتوو لە بوارێک لە بوارەکانی ژیان و خزمەت بە کۆمەڵگا بکات/ حەسەن ل ١٩ ، ٢٠٠٨).ه ئەگەر لێرەدا باس لە گرینگترین ئەو چالاکیانەی کە مامۆستا لە پۆلدا پێیان هەڵدەستێت، دەتوانین بڵێین بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

1. بەشداریی پێکردنی قوتابیان لە میانەی وانە وتنەوەدا.
2. وروژاندنی هەستیان بە ئەنجامدانی چالاکیەکانی ناو پۆل.
3. یارمەتی دانیان بۆ قۆستنەوەی هەلی فێربوون لە کەمترین ماوەدا.
4. پێشکەش کردنی وانەکە و ئامادەکاری بۆ کردنی.
5. دەستگرتن بەسەر ئاگاهیاندا و جۆراوجۆر کردنی وروژێنەرەکان .
6. خۆشەویست کردنی بابەتەکە لەلایان بە کورتکرنەوە و پوختکرنەوەی.
7. پێشنیار کردن و پرسیار کردن کە کاریگەری لەسەر گەشەکردنی چالاکی بیرکردنەوە بەجێدەهێڵێت.)(رسول ، ٢٠١٤ ، لاپەڕە ٢٥ – ٣٠)

لەبەر ئەمەش مامۆستا  زۆرترین کاریگەری هەیە لەسەر قوتابی ، بۆ نمونە ئەو ڕەفتارانەی مامۆستا لەناو پۆل یاخود لە دەرەوەی پۆل ئەنجامی دەدات ، ڕاستەوخۆ کاریگەری بۆ سەر خوێندکاران هەیە ئەو ڕەفتارە چ باش بێت یاخود خراپ ، بۆ نمونە ئەگەر بێت و مامۆستا جگەرە بکێشێت ، یان جنێو بدات یان هەر کارێکی تر کە لە بەردەم خوێندکاران ئەنجامی بدات ئەوا ڕاستەوخۆ کاریگەری بە جێ دەهێڵێت لەسەر خوێندکارەکان ، وا باشترە مامۆستا ڕۆڵی ئەرێنی ببینی لە جوانتر کردنی ڕەفتاری خوێندکارەکانیدا ،ئەویش بە نواندنی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی جوان و گفتوگۆی ئەرێنی بەرامبەر خوێندکارەکانی.

هەروەک لەسەرچاوەیەکدا هاتووە کە (کاری ماموستا دەبێت لەوێوە بێت کە دەستنیشانی پێویستی یەکەیەکەی قوتابیەکان بکات ، توانای تاکەکەسی قوتابیەکان دەسینیشان بکات ، لەشێوەی بیرکردنەوەکانیان). (قەرەداغی، ٢٠١١، لا، ٢٤). کەواتە ئەوە ڕوون بووەوە کە ماموستا دەبێت هەستی بەرپرسیایەتی لە ناخی قوتابیەکانی بجێنێت ، ماموستا پێشەنگ و ڕێبەرە بو قوتابیەکانی، ئەگەرخوی هەستی بەرپرسیاریەێتی نەبێت چون قوتابیەکان ئەو هەستەیان لا دروست دەبێت. سەرچاوەیەکی تر بەم شێوەیە دەنووسێت: (ماموستا پێویستە بەردەوام هەستی بەرپرسیاریەتی لەناخی بێت، بو ئەوەی بتوانێت راستەوخوو رووبەروی هەموو ئەرک و ئاستەنگێک ببێتەوە، هەستی بەرپرسیاریەتی وا لە ماموست دەکات شانازی بەکاسایەتی خوی بکات). (مام عبدوڵلا، ٢٠٢١، لا،١٠٨). کەواتە مامۆستا ئەو کەسەیە کە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پڕۆسەی پەروەردەو فێرکردندا،زانست و زانیاری دەبەخشێت بۆ پێگەیاندنی منداڵ. ئەمەش لە ڕێگەی گرتنەبەری ڕێگەی پێویست بەم بوارە،لەڕووی دانانی پلان و خۆ ئامادەکردن بۆ گەیاندنی زانست و زانیاری دەبەخشێت بۆ پێگەیاندنی منداڵ. هەر مامۆستایە قوتابی فێری ئەلف و بێ و خوێندنەوە و نوسین دەکات. مامۆستا ئەو کەسە گەورەیەیە کە تەمەنی گەنجێتی خۆی تەرخان دەکات لە پێناو فێرکردنی منداڵەکانمان، لەنەخوێندەواری و نەزانی و دواکەوتویی ڕزگاریان بکات. ئێستا کاتی ئەوەیە کە باس لە تووخمی سێیەمی ئەم پرۆسەیە بکەین کە زۆر گرنگە و هەموو ئەوانی تر لەخزمەتی ئەم ڕەگگەزەی تری نێو پڕۆسەکەدان، ئەویش بریتییە لە فێرخواز (قوتابی).

### قوتابی

ئەگەر بمانەوێت لەسەرتادا و بەکورتی پێناسەی قوتابی بکەین، ئەوە سەرچاوەیەک بەم شێوەیە باسی قوتابیمان دەکات و دەڵێت: (قوتابی ئەو کەسەیە کە لە تەمەنی شەش ساڵی دەخرێتە بەر خوێندنی قۆناغی بنەڕەتی لە ئێستادا و لە هەندێکی جێگەی کوردستان پێش ئەو تەمەنە دەخرێتە بەر قوناغی باخچەی ساوایان). (جاف، ٢٠١١، لا، ٩). کەواتە ڕوون و ئاشکرایە کە قوتابی تاکێکە دەخوێنێت یان فێردەبێت لە دەزگایەکی خوێندن ئەوا ئەو کەسە پێی دەڵێین قوتابی. قوتابی هەر لە سەرەتایی چوونی بۆ قوتابخانە فێری دەکرێت چۆن بخوێنێتەوە و بنووسێت لەلایەن مامۆستیان. مامۆستایی لێهاتوو و سەرکەوتوو دەتوانێت وا لە قوتابییەکە بکات کە باشترین و زیرەکترین قوتابی پێبگەیەنێت. ئەوەتا سەرچاوەیەک لەمبارەیەوە دەنووسێت و دەڵێ: (فێرخواز یان قوتابی ئەو کەسەیە خوێندن دەکات بە پیشە لە پێناو فێربوونی زانست و زانین، پێویستە منداڵ لە ماڵەوە لە خێزانەوە پەروەردە کرابێت و ئامادەکرابێت بۆ قوتابخانە). ( محمەد، ٢٠٢٢). ئاشکرایە قوتابییان هەموویان لە یەک ئاست و توانادا نین ،بەڵکو جیاوازی بەرچاو هەیە لە نێوانیاندا جا ئەو جیاوازییانە چ لە ڕووی ئاستی هۆشیاری بن یان لە ڕووی ڕاددەیی. کەواتە ئامادەیە بۆ فێربوون یاخود بە شێوەیەکی بیرکردنەوەی و کارزانی و لێهاتوویی و دەست ڕەنگینی ئەوە جگە لە جیاوازی پێکهاتن لە لەشیان ( کورت ، درێژ ، قەڵەوی ، لاوازی ، چالاکی و شتی تر. ڕەنگە ئەو جیاوازییانە زگماک بن یان کاردانەوەی ژینگە و شێوەی پەروەردەکردن و ئەو

ئەزموونانە بێت، کە لە ماڵ و قوتابخانە و دەوروبەری بەسەری داهاتووە. (خۆشناو، ٢٠٢٣، لا، ٤٩ ). بۆ نموونە ئەو قوتابییەی لە خێزانێکی دەوڵەمەند پێدەگات ئەزموونی زیاتر دەبێت لەو قوتابییەی لە بنەماڵەیەکی هەژار و نەداردا گەورە دەبێ، وە هەروەها قوتابییەک جیاوازە لەگەڵ قوتابییەکی تردا لە ڕووی زوو فێربوون و تێگەیشتندا. ( دەبێ جەخت لەوە بکەینەوە، لەو کاتەی قوتابی دەخوێنێتەوە، پشتیوان دەبێ بۆ ئێمە و بۆ خۆشی لەکرداری پێگەیانی، چونکە پێگەیشتن لە بریتییە لە کۆمەڵێک زانست و زانیاری و ڕێنوێنی وە دەستهاتوو لە ژینگەی قوتابخانە،یا بە هۆکاری خودی. لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە پێگەیاندنی قوتابییەکان قەتیس نییە لە قوتابخانەکان و بەش و پۆلەکان، بەڵکو پێگەیاندن لە بنەڕەتدا پەیوەستە بەو ویست و خواستەی قوتابی و دەبێتە کۆمەڵگەی پێگەیاندنی فێرگەیی، بە وەبەرهێنانی گشت ئەو بژاردانەی لەبەر دەستیەتی، لە پێشی هەموویانەوە خوێندنەوە، بۆیە دەکرێ بڵێین پێگەیاندن لایەنە مەعریفی و ڕۆشنبیرکردن و کارامەییەکانیش دەگرێتەوە، جگە لە قوتابخانەش توانست و لێهاتوویش لە ئاستی تاکە کەس و توانستە خودی و تایبەتەکانیش لەنێو قوتابییان خۆیاندا دەگرێتەوە. ( خۆشناو، ٢٠٢٣، لا، ٤٩). کەواتە پێویستە زۆر گرنگگی بدەین بەفێرخوازان هەروەک (پێندرۆیی، ٢٠١١، لا، ١٢٥) بەم شێوەیە دەنووسێت و دەڵێت: (بایەخدان بە قوتابی - ڕێزگرتن لە هەست و مافەکانی قوتابییان. هەروەها هانیان بدات بۆ ئاکارە جوان و پەسەندەکانی کۆمەڵایەتی و هانیان بدات بۆ ئەوەی وەک یەک تیپ کاربکەن.

## پرۆگرامی خوێندن

لەپاڵ باسکردنی ڕەگەزەکانی پرۆسەی فێرکاری، کە هەریەک لە مامۆستا و قوتابی بوون کە لەقوتابخانەدا دەچنە پەیوەندییەکی زانستی و فێرکاریی و پەروەردەییدا، هاوکات، پێویستە لەبارەی پرۆگرامیشەوە بدوێین، کە هەوێنی بەیەک ەیشتنی مامۆستاو قوتابیە.

وشەی پرۆگرام و بەرنامەی خوێندن هەموو ئەو بابەت و سیستەمانە دەگرێتەوە کە بە پلان بەرنامە ڕێژکراون لە پێناو بەرێوەچوونی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن. قسەکردن لەسەر پرۆگرام لە پرۆسەی پەروەردەدا گرنگە، چونکە قوتابی لەڕێگەی ئەو بەرنامەو پرۆگرامە بڕیار لەسەر دراوانەوە فێردەبیت و پەروەردە دەکرێت و ئامادەی نێو کۆمەڵگە دەبێت. بەتایبەت پرۆگرامی قۆناغە سەرەتاییەکانی فێرکردن. لەبەر ئەم هۆکارەیە لێکۆڵەران لەمبارەیەوە دەنووسن. ڕوون و ئاشکرایە پرۆگرامی خوێندن لایەنێکی گرینگی پرۆسەی فیرکردنە.

پرۆگرام پێویستە قوتابی بۆ ژیان ئامادە بکات و گونجاو بێت لەگەڵ ژینگەی قوتابیدا. بۆیە ئەوەی لێکۆڵەران لەم لێکۆڵینەوەیە مەبەستیانە و بەنیازن لەبارەیەوە بنووسن، بریتییە لەو ڕۆڵەی کەوا پێویستە پرۆگرام بیگێڕێت لە پێدانی زانیاری بە فێرخوازان.

## بەشی یەکەم

### تەوەری سێیەم: زمان و لقەکانی زمانی کوردی

لێکۆڵەران لێرەدا و لەم تەوەرەدا باس لە زمان و لقەکانی زمان و چۆنییەتی فێربوونیان دەکەن، ئامان لەم تەوەرەدا ئەوەیە کە باس لە گرنگی لقەکانی زمانی کوردی بکرێت، کە چۆن قوتابیی فێریان دەبێت. بەتایبەتی دووان لە گرنگترین و سەرەکیترین لقەکانی زمان کە بریتیین لە (خوێندنەوەو نووسین).

### زمان

سەرەتا ئەگەر باس لە زمان بکەین و یسناسێنین، ئەوە لەو پێناسەیەی (ساپیر)ەوە دەستپێدەکەین کە دەڵێت: (زمان هۆیەکی ناغەریزییە تایبەتە بە مرۆڤ، بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوو بەکاردێت، بە هۆی ڕەمزی لەسەر یاسا ڕۆیشتوو کار دەکات و لەژێر یاسای مرۆڤدایە). ( ناوخۆش و خۆشناو،٢٠١٠ ، لا، ١٤٣). هەروەها لەسەرچاوەیەکی تردا بەم شێوە ناسێنراوە کە دەڵێت: (زمان سیستەمێکە لە نیشانە، لە خۆوە لەسەری ڕێککەوتووین، توانای دابەشکردنی هەیە، تاکە کەس وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی مەبەستەکانی و بۆ پەیوەندیکردن بە کەسانی دیکەوە لە ڕێگەی ئاخاوتن و نووسین بەکاریدێنێت). (خۆشناو، ٢٠١٤، لا،١٥). ئەو زمانەی کە هۆکاری لێکگەیشتنی تاکەکانی نێو کۆمەڵگەیە بریتییە لە (زمان کۆمەڵە دەنگ و بێژە و پێکهاتەیەکە مرۆڤ مەبەستەکانی خۆی پێ دەردەبڕێت و ، وەکو ئامرازێک بۆ لەیەکگەیشتن و تێگەیاندن بە کاری دێنێت، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری، زمان وەسیلەی پێکەوە بەستن و پەیوەندیی کۆمەڵایەتییە کە دەبێت هەبێت بۆ تاک و کۆمەڵ بەکەڵکە. ( محەمەد، ٢٠١٥، لا،١٧). ئەگەر بێینە سەر زمانی کوردی، کە بۆ ئێمە بریتییە لە زمانی دایک، ئەوە لەچەندین لق پێکدێت و هەر لقەو تایبەتمەندی خۆی هەیە، لێرەدا لێکۆڵەران باس لە لقەکانی زمان دەکەن.

### لقەکانی زمانی کوردی

لقەکانی زمان، لەهەر زمانێکدا لەچەند بەشێک پێکدێن و پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە. لە ڕابردوودا ڕاهاتبوو ین کە لە گوتنەوەی زماندا بە سەر چەند لقێکدا دابەشی بکەین، بە جۆرێک هەر لقێک ئاراستەیەکی سەر بە خۆی گرتووە و جیایە لە لقەکانی تر، لقەکانی زمانی کوردی لە قۆناغی سەرەتاییدا ئەمانەن: خوێندنەوە، خەت، ڕێنووس ،دەربڕین، ڕێزمان و ڕاهێنانی زمانەوانی، دابەشکردنی زمانی کوردی بۆ ئەم لقانە دەستکردە، و بەمەبەست و بۆ هەماهەنگی لە کارکردندا لە چێوەی خوێندنی گشتیدا کراوە، و بۆ هەر لقێکیش کاتێک دانراوە کە تێیدا بگوترێتەوە تاکو بگەینە ئامانجە گشتییەکەمان لە گوتنەوەی ئەو لقەدا، ئەم کارەش بۆ توانست پێپەیداکردنی فێرخوازە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی ئەو ئەوزارە دەربڕینە گرنگە بکات بە جۆرێک کە

بتوانێت لە دەربڕیندا بەکاری بهێنێت هەروا لە تێگەیشتنیشیدا، بۆیە لەبەر ئەم دوو مەبەستە بنەڕەتیە( دەربڕین و تێگەیشتن) دا ئامانجی گوتنەوەی هەموو لقەکانی زمان ڕیزدەبێت. ( محەمەد، ٢٠١٥، لا، ٢٠-٢١). دابەشبوونی زمانەکان بە گوێرەی سیستەمی نووسین بێگومان هەموو جۆرەکانی ئەلفبێ (ئەلفابێتیکی و لۆگۆگرافی و بڕگەکاری ) سیستەمی نووسینی زمانن. بیرۆکەی ئەلفابێتیکی (پەیوەندی نێوان پیت و فۆنیم) لە چاو مێژووی سیستەمی نووسینەوە نوێیە. لە کۆندا سیستەمی نووسین زیاتر (وێنەی) و (بیرۆکەیی) بووە, هەر بۆیە مێژووی نووسینی لۆگۆگرافی لە ئەلفابێتیکی کۆنترە. ( ناوخۆش و خۆشناو، ٢٠١٠ ، لا،١٩٠)

لێرەدا بەکورتی هەندێک لەبارەی لقەکانی زمانەوە دەدوێین، بەو پێیەی کە لەسەرچاوەکاندا باسکراوە.

**ڕێزمان**: سەبارەت بە لقەزمانی ڕێزمان، سەرچاوەیەک بەم شێوەیە باسی کردووەو: (خوێندنی ڕێزمان تەنیا لە پێناوی دروستی دەربڕیندایە و هیچی دی نا، ئەویش بە قسەکردن و بە نووسین، سەرباری ئەمانەش بۆ تێگەیشتنی بیرەکان و دەرککردنی واتاکانی بە ئاسانی. بۆیە زۆر مەشق و ڕاهێنان کردن، و تێبینی کردنی ڕێگاکانی بەکارهێنانی زمان لەدەقەکاندا و لەهەڵوێستە زمانەوانییە زیندووەکان دا وا لە قوتابییان دەکات کە ڕێساکان (ڕێزمان) تێبگەن و هەستی پێبکەن: بە پێی ئەم ڕێسایانە و بە ئاسانی و بەسەلیقەوە دەست بکەن بە قسەکردن و نووسین بە ڕەهایی). (محەمەد، ٢٠١٥، لا،١١٠).

**خەت:** ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە مامۆستای لێهاتوو و زیرەک لە ڕێگەی خەت و نووسینەوە دەتوانێت بەهرە و توانستی منداڵ دەربخات و هێز و توانایان پێببەخشێت زیرەک و چاڵاک دەبن هەندێک منداڵ لە ماوەیەکی کەم و بە ئاسانی فێردەبن بەڵام هەندیکیان پێویستیان بە کاتێکی زۆرتر دەبێت تا تەرکیز بکەن و فێری خەت و نووسین ببن. (ئامانجەکانی وانەی خەت مامۆستا لەم وانەیەدا وەکو هونەرێک بتوانێت بەهرەکانی منداڵ دەربخات و بەهێزیان بکات وەکو هشیاری وردبینی، هەروەها لە بەرانبەرکردن و حوکمداندا و لە بیرکردنەوەی دروستدا بەهێزی دەکات هەر وەکو دەتوانێت فێری پاک و خاوێنی و یاسا دۆستیان بکات، لەگەڵ وردەکاری لە کارکردندا، خەت منداڵ فێری خۆگری و خۆشویستنی ڕکەبەری و دەرککردنی جوانی بکەن.) (محەمەد، ٢٠١٥، لا،٨١).

**سروود:** لە ڕێگەی ئەو بابەتەوە مامۆستا وادەکات کەمنداڵ پەروەردەیەیەکی دروست وەربگرێت و ئاکار و کردەوەو دەروونی باش بەوەی کە منداڵ کاتێک سرود دەڵێت شەرمی دەڕەوێتەوە و لە ناو هاوڕێکانی بێ ئەوەی بترسێت گۆرانی دەڵێت وا وادەکات کاتێک بەتەنهاشە سروودەکە بڵێتەوە و دەتوانێت باشتر دەنگەکان دەربڕێت و قسەبکات وە دلێری و ئازایەتی و بوێری دەبوژێتەوە. (مامۆستا لە گوتنەوەی بابەتی سرووددا ئامانج گەلی زۆر و، پەروەردەیی و ئاکار و [دەروونی] بەدەست دەهێنێت : ١- شەرمنی لای منداڵ دەڕەوێنێتەوە لە گوتنەوەی سرووددا بە دەنگی بەرز و لەناو هاوڕێکانیان بێ هیچ شەرم و شکۆ و دڵە لەرزەیەک گۆرانی دەڵێت. یاخود پاشتر بە تەنیا. ٢ ـ گۆکردنی منداڵ باشتر و بەهێزتر دەکات، بە تایبەتی لە گۆکردنی بێژە و پیتەکاندا. ٣ ـ دلێری و سۆز و هیممەتی قوتابی دەبووژێنێتەوە، و چالاکی دەکات، شانازی بە کەسیەتی خۆیەوە

دەکات. ٤ ـ فەرهەنگی زمانیان دەوڵەمەند دەکات و زمانپاڕەو دەبن، شێوازی گفتوگۆ کردن و ئەدایان بەرەو پێشەوە دەبات. (محەمەد، ٢٠١٥، لا،٨٩).

**دەربڕین:** لەڕێگەی دەربڕینەوە مامۆستا مامۆستا دەتوانێت وانەکان بگەیەنێت بە قوتابی دەربڕینی واتە شیکردنەوەی دەرس و گەیاندنی بە قوتابی قۆناغی بنەڕەتی هەروەها بەوەرگرتنی دەربڕاوەکان قوتابیش وانەکە وەردەگرێت و تێدەگات بەم شێوازە فێردەبێت. (دەربڕین، ئەو زارێکی فێربوون و فێرکردنە). ( محەمەد، ٢٠١٥، لا، ٩٩).

**لەبەرکردن:** (بایەخی ئەزبەرکردن و ئامانجەکانی گوتنەوەی : ئەو پارچە ئەدەبیانەی بۆ ئەزبەرکردن هەڵدەبژێردرێن لە بەرزترین نموونەی ئەدەبی دەبن، چێژ ڕۆڵی گەورە دەبینێت لە هەڵبژاردندا، حیکمەتی تێدایە، پەند، ئاکار و سۆزی تێدایە، ئەم پارچە دیاریکراوانە چێژ و دەرککردنی جوانی لای قوتابی پەروەردە دەکەن، هەروەها ڕەوشت و فەزیلەتی فێردەکات، بیر ڕووناک دەکاتەوە و زمان و فەرهەنگی زمانی منداڵ دەوڵەمەند دەکات.) (محەمەد، ٢٠١٥، لا، ٩٣).

## خوێندنەوە

خوێندنەوە ئەو لقە گگرنگەی زمانە کە پێویستە لەبازنەی یەکەمی خوێندندا قوتابی بەباشی فێری ببێت. ڕەنگە بێتەوە یادمان کە دایک و باوکی هەریەکەمان، یەکەمین شتێک کە چاوەڕوانی بووە کە ئێمە لە قوتابخانەدا فێری ببین، خوێندنەوە بوو. گە لەحەزی دایک و باوک بۆ فێربوونی ئەم لقەی زمان، بەڵکو خوێندنەوە ڕووی پێشکەوتنی هەر وڵاتێکە و سەرچاوەیەک لەمباریەوە دەوڵێت: (پێوانەکردنی ئاستی پێشکەوتنی هەموو کومەڵگایەک بەندە بەئاستی خوێندن و خوێندەواریەوە). (قەرەداغی، ٢٠١١، لا، ١٣).

هەروەک دەزانین، کرداری خوێندنەوە کە لەلایەن قوتابی ئەنجام دەدرێت، زانینی پیتەکان و ناسینەوەی دەنگەکان هەنگاوی فێربوونی خوێندنەوەن ئەمە یەکێکە لە هەنگاوی کرداری خوێندنەوە، لە ڕێگەی بینین و ناسینەوەی پیتەکان قوتابی بەیەکەوە یان دەبەستێتەوە و دەیخوێنێتەوە. (هەنگاوەکانی فێربوونی خوێندنەوە لە زانینی پیتەکان و ناسینەوەی دەنگەکانیان و چۆنیەتی پێکەوە پەیوەستبوونیان دەست پێدەکات). (عدس، ٢٠٠٠، لا، ١٣٦). کەواتە بریتییە لە پرۆسەیەکی پەروەردەیی کە قوتابی لە سەرەتای چوونی بۆ قوتابخانە فێری دەبێت، خوێندنەوە بە مەبەستی ڕۆشنبیری زیاتر یاخود فێربوونی زانیاری زیاتر بۆ ئەوەی قوتابی مێشکێکی فراوانتر و باشتری هەبێت، خوێندنەوە بەڵگەیەکە لەسەر ڕۆشنبیری بیری ئەو خوێنەرە، چونکە خوێنەر وەرگری ڕۆشنبیری وڵاتە جیاوازەکان دەبێت، بە یارمەتی ئەو وەسف و وێنە و هێمایانەی کە لەناو کتێبەکەدا نوسراوە و کێشراوە ئاشنایان دەبێت، وە لەلایەکی ترەوە خوێنەر زانیاری جیاواز و زیاتری لە فەرهەنگی وڵاتان دەست دەکەوێت.

ئەو خوێندنەوەی ئێمە لێی دەدوێین، خوێندنەوەیەکە بە مانا گشتی و فراوانەکەی هەر ئەو چالاکیانەنین کە پەیوەستن بە بڕیار لێدراوەکان و پرۆگرامەکانی خوێندن، بەڵکو تێدەپەڕێ بۆ

هەموو جۆرە خوێندنەوەیەکی بەسوود بۆ بنیاتنان و ڕۆشنبیرکردنی قوتابیەکانمان، خوێندنەوە لە ڕاستیدا خولیا بوونێکی کاریگەرە و چالاکییەکی تایبەتە هەروەها کارامەییەکی وا لە تاکی خوێنەر دەکا دەرک بە ناوەخنی دەقێکی نووسراو بکات پەیکەری لێکدانەوە و تێگەیشتن، چونکە خوێندنەوە بە شرۆڤەکردنی تۆڕی هێماکانی زمانەوانی دەستپێدەکا و دەقێک لە دەقە جۆراوجۆرەکانی لێ پێکدێت. سەرچاوەیەک پێی وایە کە (خوێندنەوە گرینگترین هۆکاری گواستنەوەی عەقڵی مرۆییە). (شحاتە، ١٩٩٣، لا، ١٠١). بە دەربڕینێکی ساکار خوێندنەوە بریتییە لە شرۆڤەکردنی وتەکانی نێو دەقێک کرداری خوێندنەوە بریتییە لە کۆمەڵە شارەزاییەک کە یارمەتی خوێنەر دەدات چالاکانە ئەو کردەیە کە بە چەند گۆڕانکاریدا تێپەڕ دەبێت بە پێچەوانەی نووسین، چونکە کۆمەڵێک چالاکی لە خۆ دەگرێت کە پێویستییان بە لێکدانەوە و بەردەوامی و وردبینی هەیە، بۆیە دەبینین خوێندنەوە پێویستی بە وزەیەکی بەهێز و توانایەکی بەرزی هزری ئالۆز و جۆراوجۆر هەیە.

لەکۆتایی ئەم نووسینەدا لێکۆڵەران وای دەبینن کە خوێندنەوە زۆر زیاترە لەوەی باسکرا، چونکە یەکێکە لە ئامانجەکانی فێرکردن کە لەبازنەی یەکەمدا وەک سەنگی مەحەک، پێویستە قوتابی فێری ببێت. لەبەر ئەم هۆکارە لێکۆڵەران لەبەشی دووەمدا وەک بەشێکی گرنگگ لە ناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، باس لەو هۆکار و ژینگەو کەناڵە پەروەردەییانە دەکەن کە هۆکاری گەشەو بەرەوپێشچوونی ئەم لقە گرنگەی زمانە.

**نووسین**

دیارە پەیوەندییەکی زۆر بەتین هەیە لەنێوان خوێندنەوەو نووسین. باش بوون لەهەرکامێکیان، دەبێتە هۆی باشبوون لەوەی تریان. سەرچاوەیەک لەمبارەیەوە نووسیوێتی: (بۆ ئەوەی کەسێک لە نووسیندا باش بێت پێویستە بخوێنێتەوە و مەشق لەسەر حونجەکردن و ڕێنووس بکات ئەویش بە ڕێگەی تێبینیەوە لە کاتی خوێندنەوەی زۆردا، خوێندنەوەی زۆر هەڵەی نووسین و ڕێنووس ناهێڵێت). ( محەمەد، ٢٠١٥، لا، ٦٧). شایەنترینی نووسینەکان بۆ خوێندنەوە, ئەوەیانە ناوەڕۆکێکی تازە, سەردەمییانە و پێشخەرانەی هەبێت و بێزارکەرترینیشیان ئەوەیە کە پاتەی بیستراو و گوتراوی کەسانی دیکە بێت. بەم پێیە, کەسانێک دەیانەوێت شتێک بڵێن کە خەڵک ڕۆژانە چەندان جار لە میدیا فەرمی و بانگەشەکەر و گوتارە باوەکانەوە گوێبیستی دەبن؛ نابێت چاوەڕێی ئاوڕلێدانەوە بن. ڕاستە هەر قسەیەکی نوێ و بێپێشینە ڕاست و درووست نییە؛ بەڵام قسەی دووبارە هەمیشە بێزارکەرە, مەگەر بۆ کەسانێک بە قسەی دووبارە ڕاهاتبن.کەواتە (نووسین : دەربڕین و ڕوونکردنەوەی دەنگەکان بە هۆی وێنەی دروست کراوە کە پێی دەڵێن پیت). (فەخر، ١٩٨٧، لا، ٩). بۆ نموونە سڕینەوەی یەک وشەی زیادە، هەڵگرتنی بارێکە لەسەر شانی ڕستە و تێگەیشتنی خوێنەر. ڕستە تا پوختتر بێت, چالاکترە و لە تێگەیشتی خوێنەرەوە نزیکتر. کەواتە نووسینیش لقێکی تری گرنگی زمانە و پێویستە بایەخی زیاتری پێبدرێت.

ماوەتەو بڵێین: باشەخی نووسین لەچیدایە؟ بێگومان جگە لەوەی کە هۆکارێکە بۆ گواستنەوەی بیر و بۆچوونەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسانی تر، لە ڕێگەی نووسینەوە، هەروەک ئەم سەرچاوەیە باسی لێوە دەکات: (نوسین هۆکارێکە لە هۆکارەکانی دەربڕینی فکری قوتابی، البجە،١٩٩٩،ل٣١٥). هاوکات هۆکاری گەنجینەکردنی زمانیشە. لەلایەکی ترەوە بەهۆی نووسینەوە دەتوانرێت مێژوو و کلتور و ڕەسەنایەتی لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بگوازرێنەوە.

هەروەها نوسەری ناوداری کورد مارف بەمجۆرە نوسیت دەناسێنێت و پێیوایە ( نوسین لە ئەنجامی پەیوەندی دوور و درێژی ئابووری و سیاسی و کلتووری میلەتی کورد لەگەڵ میلەتانی تردا گەلێک وشەی بێگانە هاتۆتە نێو زمانی کوردییەوە و بنجی خۆیان پتەو کردوە بێگومان ئەوەی کورد لە بێگانەی وەر گرتوە خستویەتیە ژێر باری فۆنەتیک و ڕێزمانی کوردیەوە بەمە بەرگێکی کوردی بەبەردا کردوە ئەوەش کە پتر پێوسیتی بە دەستکاری کردن بوو زیاتر وشە عەرەبییەکان بووە دەستکاریی وشە عەرەبییەکان لە چەند ڕێگایەکەوە بووە بۆ نمونە ئەگەر لە وشەی عەرەبیدا دەنگێک هەبوێ کە لەگەڵ یاسای فۆنەتیکی زمانی کوردی ڕێک نەکەوتبێ ئەوا گۆڕان کاری بەسەردا هێناوە بە وێنە دەی بینین دەنگی (ث–ص–ض–ط–ظ–ذ...) کە لە وشەی عەرەبیدا هەن لە کوردیدا کراون بە (س–ت–ز...) (مارف، ١٩٨٦، لا، ١٤١).

هەروەک پێشتر باسکرا کە خوێندنەوە بەلای لێکۆڵەرانەوە جێگەی بایەخ و گرنگیپێدان بوو، بەهەمان شێوەش ئەم لقەی تری زمان کە (نووسین)ە بەهەمان شێوە گرنگەو پێویستە تواناکانی مامۆستا و هەوڵەکانی قوتابخانە هۆکاری زوو فێربوونی فێرخوازان بن بۆ ئەم کارامەییەی زمان.

**بەشی دووەم: تەوەری یەکەم**

**تەکنەلۆژیا**

هۆکاری باسکردنی تەکتەلۆژیا لەلایەن لێکۆڵەرانەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەشیکی گرنگی ناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوەیەیە. جگە لەوەی کە هەست دەکرێت لەڕۆژگگاری ئەمڕۆماندا ماڵەکان پڕ بوونە لە ئامێرە ئیلیکترۆنییەکان و تۆڕی ئینتەرنێت. بۆیە ئەگەر بەکار نەهێنرێن، زیانی گەورە لەڕێیە بۆ داهاتووی نەوەکانمان.

هەر شتێک کە مروڤ دروستی بکات لەژێر بیرۆکەیەکی زانستیدا بۆ مەبەستێکی دیاریکراو دەچێتە بواری تەکنەلۆژیا. مرۆڤ هەر لە سەرەتای هەبوونیەوە لەسەر زەوی تەکنەلۆژیای بەکار هێناوە بۆ ئاسانکاری ژیانی. بواری تەکنەلۆژیا لە چاخێک بۆچاخێکەوە جیاواز بووە. لە چاخی ئێستاماندا بواری گەورەی تەکنەلۆژیا بۆ بواری ئەلیکترۆنییەو مرۆڤ دەیەوێت لەم بەشەی تەکنەلۆژییا ژیان و ڕۆژانەی ئاسانتر بکات.

دەتوانین بڵێین: تەکنەلۆژیا توانیویەتی کۆمەڵگا بگۆڕێت، ئەوەشی کردوویەتی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە تەکنەلۆژیا زیانی نییە وە ئەو خراپیانەشی کە هەیە دەرئەنجامی خراپ بەکارهێنانی کەسەکان بۆ تەکنەلۆژی. بەم شێوە گەشەکردنەی تەکنەلۆژیا، کاریگەری و گۆڕانی زۆری بەسەر بواری پەروەردە هێناوە. هەروەها دەبینین لەم سەرچاوەیە باس لە زیرەکی دەست کرد دەکات: (زیرەکی دەستکرد شۆڕشێکی گەورەیە لە زۆرێک لە پیشەسازی و بوارەکانی ژیان، کە پەروەردەش لەو شۆڕشە بەدەر نییە). (دڵشاد، ٢٠٢٣). بۆیە دەتوانرێت دەتوانرێت زیرەکی دەستکرد بەکاربهێنرێت بۆ باشترکردنی پەروەردە بە چەندین شێوە ، دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئەزموونی پەروەردە بۆ خوێندکاران و مامۆستایان و کارگێڕانی پەروەردەیی.

هەمان سەرچاوە، (دڵشاد، ٢٠٢٣) پێی وایە دەتوانرێت سوود لە تەکنەلۆژیای نوێ و سەردەم وەربگیرێت بۆ بابەتی پەروەردەو فێرکردن. بێگومان ئەویش بەپێی هەوڵ و پلانی پێش وەختە، بۆ نموونە لەڕێگەی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە دەکێت سوود لە تەکنەلۆژیا وەربگگیرێت.

یەکەم:بەئۆتۆماتیکی کردنی ئەرکە کارگێڕییەکان: دەکرێت زیرەکی دەستکرد بۆ باشترکردنی پەروەردە بەکاربهێندرێت بریتییە لە بە ئۆتۆماتیکیکردنی ئەرکە کارگێڕییەکان. بۆ نموونە، دەتواندرێت بۆ نمرە و هەڵسەنگاندنەکان بەکاربهێنرێت، ئەمەش کاتەکانی مامۆستایان زیاتر دەکات بۆ ئەوەی سەرنجیان لەسەر ئەرکەکانی تر بێت. هەروەها دەتواندرێت بەکاربهێنرێت بۆ بەدواداچوونی ئامادەبوون و پێشکەوتنی خوێندکاران، کە دەتوانێت یارمەتی مامۆستایان و کارگێڕان بدات لە بڕیاردان لەسەر داتاکان سەبارەت بە پشتگیری و ئەنجام و بەرەوپێشچوونی خوێندکاران.

دووەم: باشترکردنی دەست گەیشتن بە خوێندن: لە کۆتاییدا، زیرەکی دەستکرد توانای باشترکردنی دەست گەیشتن (ئەکسێسی) بە خوێندن بۆ خوێندکاران لە سەرانسەری جیهان هەیە.

بۆ نموونە دەتوانرێت بەکاربهێندرێت بۆ دروستکردنی پلاتفۆرمی فێربوونی ئۆنلاین کە ڕێگە بە خوێندکاران دەدات لە هەر شوێنێکەوە دەستیان بە سەرچاوە پەروەردەییەکان بگات و کاری کۆرسەکان تەواو بکەن. ئەمە دەتوانێت بە تایبەتی سوودبەخش بێت بۆ ئەو خوێندکارانەی کە لە ناوچەگەلێکی دوورەدەست دەژین و دەستیان بە قوتابخانەکان نەگەیشتووە یان کێشەیان بۆ درووست بووە، چ بەهۆی نەبوونی بینای خوێندنەوە بێت یان نالەباری دۆخی ئەو شارە بەهۆی کەشی نالەبار و جەنگەوە، یان بۆ ئەو خوێندکارانەی کەمئەندامییان هەیە و بەشداریکردن لە پۆلە ئاساییەکان قورس بۆیان. لە ئەنجامدا، زیرەکی دەستکرد توانای ئەوەی هەیە کە ئەزموونی پەروەردە بۆ خوێندکاران و مامۆستایان و کارگێڕان زۆر باشتر بکات، لەگەڵ بەردەوامبوونی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا.

لێرەدا بەپێویستی دەزانین ئێمەی لێکۆڵەران لەڕوانگەی سەرچاوەکانەوە باس لە ئامێرە ئیلیکترۆنییەکان بکەین.

## ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان

هەموومان دەزانین کە ڕووی بەکارهێنانی ئینتەرنێت بریتییە لە ئامێرە جۆراوجۆرە ئیلیکترۆنییەکانە. بەتایبەت لە دونیای منداڵدا ئامێرگەلێکی زۆر هەن و ماڵ نییە لێی بێ بەش بن.

لەم سەردەمەدا ئێستادا ئەو ئامێرە ئەلیکترۆنییانەی منداڵان کاتی پێ بەسەر دەبەن ، وەک ئامێرە شاشەدارەکانی وەک تەلەفزیۆن، ئەتاری، مۆبایل و ئایپاد. پێشکەووتنە خێرایەکانی جیهان بلاوبوونەوەی جۆرەها ئامێروبەرنامەی پێشکەووتوو لەڕووی تەکنەلۆجیاوە و گەیشتنی بەئاسانی بەهەموو کۆمەلگەکان ،خزمەتێکی باشی بە مرۆڤایەتی گەیاندووە بوویتە کارئاسانی بۆیان بەلام لە هەمان کاتدا کاریگەری خراپیشی هەیە بۆ گەورە وبچووک بە تایبەت منداڵان، بەڵام لەم سەرچاوەیە باسی دەکات. (خاڵی پۆزەتیڤ و پەروەردەیی ئەوەیە ئەرکی دایبابانە تەنها دەبێت کاتەکانی بەکارهێنانی شاشە بۆ منداڵان کەمبکەنەوە و سنوورداری بکەن، لەگەڵ ئەوەی ناکرێت منداڵان گۆشەگیر بکرێن و لە جیهانی دەرەوە دایان ببڕن و بەهیچ شتێکی نوێ ئاشنانەبن و هیچ پەیوەندییەکیان بە دەوروبەرەوە نەمێنێ لەبەرئەوەی ئەمە وادەکات لە هەندێک رووەوە دوابکەون وەک فێربوون و هۆشیارییان.) (رشید، ٢٠٢٣). لێرەدا ڕۆڵی دایک و باوک زۆر گرینگە، پێویستە بەکار هێنانی ئەو ئامێرانە بە باش بەکار هێنان بۆ منداڵەکانیان ئامادە بکەن دوور بن لەلایەنی خراپی، لەبەر ئەوەی زۆر بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانی وەک ئایپەد و مۆبایل و

کۆمپیوتەر و پەیوەست بون پێیانەوە، لەلایەن ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان کەمە کاریگەری خراپی لەسەر توانای مێشک و بیرکردنەوە و خواستی فێربون و دەرخستنی تواناکانیان جێ دەهێڵێت.

دەرکەوت هەموو شتێک دوو لایەنی هەیە، باش و خراپ. یاخود ڕێگای بەکارهێنانی دروست و نادروست. بۆیە لێرەدا لێکۆڵەران باس لە لایەنە باش و خراپەکانی تەکنەلۆژیا دەکەن

## لایەنە باشەکانی تەکنەلۆژیا

بەپێی ئەو سەرچاوانەی کە لەبارەی تەکتەلۆژیاوە نوسیویانە، دەتوانین بڵێین: تەکنەلۆژیا بریتییە لە بەکارهێنانی زانست بۆ گەیشتن بە ئامانجە پراکتیکییەکان بە شێوەیەکی دیاریکراو و دووبارە بەرهەمهێنانەوە. هەروەها ڕەنگە وشەی تەکنەلۆژیا بە مانای بەرهەمی هەوڵێکی لەو شێوەیە بێت. بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بە شێوەیەکی بەرفراوان لە بواری پزیشکی، زانست، پیشەسازی، پەروەردە ، پەیوەندی گواستنەوە و ژیانی ڕۆژانەدا باو بووە. لەم سەرچاوەیەشدا باس کراوە، (رۆژ لە دوای رۆژ بواری تەکنەلۆژی زۆر بە خێرای پەرە دەسێنێت و گەشە دەکات ، بەجۆریکی لێهاتوە زۆرینەی جومگەکانی ژیان بەستراوەتەوە بە تەکنەلۆژیاوە، ئێستا تەکنەلۆژیا خۆی ویستی چۆن بێت بەو شێوەیە تاک و کۆمەڵگا ئاراستە دەکات .ئەوانەی کە لەپشت گەورەکردن و فراوانکردنی ئەم زانستەن کەسانی ئاسای نین بەتایبەت ئەوانەی کار لە تۆرە کۆمەلایەتییەکاندا دەکەن کۆمەڵێک پرۆگرامیان دیزاینکردوە). (بەهادین، ٢٠٢٠).

واتە دەتوانین لە بواری پەروەردەشدا سود لە ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان و تەکنەلۆژیا ببینین، منداڵەکانمان وا لێبکەین کە بە شێوازێکی تەندروست و سودبەخش ئامێرەکان بەکار بێنن کە ببێتە هۆی فێربوونیان، لێرەشدا باسی لێوە دەکرێت و دەڵێت (تەکنەلۆژیا دەتوانێت فێربوون و گەشەی منداڵان بەرز بکاتەوە بۆ نموونە، تەکنەلۆژیای پەروەردەی دەتوانێت یارمەتی منداڵان بدات بۆ پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و چارەسەرکردنی کێشەکان. جگە لەوەش تەکنەلۆژیا دەتوانێت هەستی سەربەخۆیی و ئازادی بۆ منداڵان دابین بکات . بە پێدانی توانای کارکردن بە ئینتەرنێت. دەتوانن زانیاری بە دەست بهێنن و جیهان بە شێوەیەک بگەڕێن کە پێشتر نەدەکراو ئاسان نەبوو). (دڵشاد، ٢٠٢٣). لەبەر ئەوە پێویستە منداڵەکانمان وا لێبکەین لە کاتی بەکارهێنانی هەر ئامێرێک لە ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا بۆ بابەتی گرینگ بێت بۆ ئەوەی پێشبکەون سەرکەوتووبن لە بواری خوێندن و فێربووندا. وەک لەم سەرچاوەیە (شێخ حەسەن، ٢٠٢٣)دا دەڵێت: (تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن چەندین لایەنی پۆزەتیڤی هەیە کە دەتوانێت کاریگەری پۆزەتیڤی لەسەر پەروەردەکردن و دروستکردنی کەسێتی هەبێت). ئەمش بە پێی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:

1- زانست و زانیاری فراوانده دەكات: منداڵان دەتوانن بە ئاسانی دەستیان بە چەندین سەرچاوەی ئۆنلاین بگات، ئەمەش وایان لێدە كا زانیاری زیاتر بدۆزنەوە و زانیارییەكانیان لەسەر چەندین بابەت زیاد بكەن، تەكنەلۆژیای پەیوەندی دەتوانێت یارمەتیدەربێت لە فراوانكردنی ڕوئیا و گەشەپێدانی ئاستی هۆشیاری و بیری عەقڵانی لای منداڵ.

2- پەرەپێدانی تواناكانی فێربوون: تەكنەلۆژیای پەیوەندییەكان ئامرازی پەروەردەی كارلێك كارانە دابین دەكات یارمەتی منداڵان دەدات پەرە بەتواناكانی فێربوون ، لێكۆڵینەوە و چارسەركردنی كێشەكان بدەن.

3- پەرەپێدانی تواناكانی بیر كردنەوە و داهێنان: یارییە پەروەردەییەكان و ئەپلیكەیشنەكان لە ڕێگەی مۆبایل و تابلێتەكانەوە هانی منداڵان دەدەن بۆ بیركردنەوەی داهێنەرانە و چارەسەركردنی كێشەكا). (شێخ حەسەن، ٢٠٢٣).

## لایەنە خراپەكانی تەكنەلۆژیا

دوای خستنە ڕووی لایەنە باشەكانی و هەوڵدان بۆ سوودلێبینیان، ئێستا لەبارەی لایەنە خراپەكانی ئەم تەكنەلۆژیایەی بەردەست دەدەوێین.

ئامێرە ئەلیكترۆنیەكان هەروەک چۆن لایەنی باشی هەیە لە بەكارهێنانی و سودی خۆی هەیە ، لەهەمان كاتیشدا چەندین لایەنی خراپیشی هەیە كە دەبێت دایک و باوک ئاگاداری ئەو لایەنانە بێت و بزانێت بە چ شێوازێک ڕێنمایی منداڵەكانی بكات لە بەكار هێنانیان ، كاتی دیاریكراویان بۆ دابنرێت ، تاوەكو دووربن لە زیانە تەندروستی و دەروونیەكان .وەک لەو سەرچاوەیە باس دەكات و دەڵێت،(باوترین ئەو ئامێرە ئەلیكترۆنیانەی منداڵان كاتی پێ بەسەر دەبەن، ئامێرە شاشەدارەكانی وەک تەلەفزیۆن، ئەتاری، مۆبایل و ئایپادە زۆر جار منداڵان بۆ ماوەی زۆر بەدیار ئەو شاشانەوە دەمێننەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی چەندین كاریگەریی نەرێنی لەسەر گەشەیان، بەتایبەت لە بوارەكانی یادگە و تەركیز و توانا زمانەوانییەكان). (هونەر، ٢٠١٩).

چۆنیەتیی سەیر كردنەكەش گرینگە، لەكاتێكدا بەتەنها سەیر كردن زیانی لاوەكیی زۆرە، سەیر كردن لەگەڵ كەسانی تر و بەتایبەت باوان، كاریگەرییە نەرێنییەكان زۆر كەم دەكاتەوە و دەبێتە هۆی زیاتر فێر بوون و ئەزموون وەرگرتن. زۆر مانەوە لەسەر ئەو ئامێرانە وێڕای ئەو كاریگەرییە نەرێنییانەی هەیانە، دەبێتە هۆی ئەوەش كە منداڵ لە چوونە دەرەوە و گەڕان و سووڕان و ڕێ كردن و پەیوەندیی دروست كردن لەگەڵ هاوڕێ دابڕێ، بەو جۆرەش كاریگەرییە نەخوازراوەكانیان دوو هێندە دەبێت

ئەوەی تێگەیشتین لەم سەرچاوەیە ئەوەیە لەکاتی بەکار هێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان لەلایەن منداڵ ، پێویستە دایک و باوکەکانیش بەشداری بکەن لەگەڵیان لە بەکارهێنانی بۆ ئەوەی منداڵەکانیان زیاتر سود وەر بگرن و لایەنە نەرێنیەکانی کەمتر ببێتەوە .لە سەرچاوەیەکی تر باس لە زیانەکانی تەکنەلۆژیا دەکات. (تەکنۆلۆژیا ئەگەرچی رۆڵی زۆر کاریگەری ئەرێنیی هەیە لەسەر ژیانی خەڵکی، بەڵام بەهۆی خراپ بەکارهێنانییەوە بێ بەریش نییە لە چەندین کاریگەریی نەرێنی، بەتایبەت لای منداڵان) نووسەر (والی، ٢٠١٩) لەم چەند خاڵەدا تێگەیشتنی خۆی خستۆتە ڕوو:

1. منداڵان بەهۆی تەکنۆلۆژیاوە زیاتر خۆ گۆشەگیر دەکەن و کەمتر دەچنە دەرەوە، بەمەش کەمتر بە منداڵانی تر دەگەن. بەپێی لێکۆڵینەوەیەک، ئەو منداڵانەی تەکنۆلۆژیا بەکار دێنن، تێکڕا ڕۆژیی 100 دەقیقە کەمتر تێکەڵی ئەندامانی خێزانەکەیان و هاوڕێیانیان دەبن. ئەمەش دواجار سەردەکێشێت بۆ ئەوەی کەسایەتیی (دژە-کۆمەڵگا)یان لێ دەربچێت.
2. منداڵان بەهۆی ئەوەی هەستی لاسایی کردنەوە لایان زۆرە، لە ڕێی ئەو دیمەنانەی لە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانەوە دەیانبینن، لەسەر جگەرە کێشان و خواردنەوە و درۆ و دزی ڕادێن.
3. منداڵانی بەکارهێنی تەکنۆلۆژیا، بەدیار ئەو ئامێرانەوە زیاتر دەخۆن و دەخۆنەوە، کە زۆربەی ئەوانەش لە (فاست فوود) و خواردنەوە گازییەکانن، کە خۆراکی زۆر ناتەندروستن، بەوەش تووشی قەڵەوی دەبن و لەگەڵ تەمەن ڕووبەڕووی چەندان نەخۆشیی جەستەیی دەبنەوە. هەر وەک چاویان وشک هەڵدەگەڕێت و تووشی ژان دەبێت و تیژیی کەم دەبێتەوە). (والی، ٢٠١٩).

ماوەتەوە بڵێین جێگەی خویەتی کە دایکان و باوکان ڕۆڵێکی باش بگێڕن، لەم بوارەد. لەتەوەری دووەمدا باس لەم بابەتە دەکەین.

**بەشی دووەم:تەوەری دووەم: ژینگەی قوتابی**

**ڕۆڵی دایک و باوک**

یەکێک لە تەوەرە گرنیگەکانی ئەم لێکۆڵینەوە ڕۆڵی دایک و باوکە لە هاوکاری منداڵەکانیان بۆ خوێندن و فێربوونیان لە بوارەکانی ژیان ، هەرچەندە ڕۆڵی دایک بە بەراورد بە ڕۆڵی باوک جیاوازن هەر کەسەو ڕۆڵی تایبەتی خۆی دەبینێت ، بەڵام لە تەنهاش ناکرێت چونکە تەواوکەری یەکترن.

لێرەشدا باس لە ڕۆڵی دایک و باوک کراوە کە بەیەکەوە لە پەروەردەکردنی منداڵەکەیان بەشداربن (دایک و باوک پێویستە بەیەکەوە منداڵەکەیان پەروەردە بکەن و بەخێوی بکەن گەربێت و یەکێکیان بە تەنیا ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆی خۆی ئەوە زیانێکی زۆر بە پەروەردەکردنی منداڵ دەگەیەنێت بۆ نموونە " تەنیا گوێڕایەڵی ئەو کەسەیان دەبێت کە ئەو ئەرکەی گرتۆتە ئەستۆ")(هەژار، ٢٠٢٠)، کەواتە ئەرکی هەردوولایەنە کە ئاگاداری مندڵەکەیان بن و ڕێنمایی بکەن بۆ کاری باشە و ئاگاداری بکەنەوە لە کاری خراپە . واتە ئەگەر تەنها دایک بەو ئەرکە هەڵسێت منداڵ گوێڕایەڵی باوکەکە نابێت بە پێچەوانەشەوە. لەبەر ئەوە دەبێت منداڵ هەست بە بوونی هەردووکیان بکات و گوێڕایەڵی هەردووکیان بێت.

بۆیە هەر لەم سەرچاوەیە دەڵێت (کە دایک و باوک بەیەکەوە منداڵەکەیان پەروەردە کرد ئەوە کاریگەری زۆر باش دروست دەکات لە لایەنی دەرونی منداڵ چونکە ئەو هەستە لەلای منداڵ دروست دەبێت کە ئێوە گرینگی پێدەدەن چونکە پەروەردەکردن یەکسانە بە گرینگی پێدان، وە ئەو خێزانانەی کە ئەرکێکی وەزیفیان هەیە یان بەکارێکەوە خەریکن دەبێت دڵنیابن کە منداڵەکەیان تەسلیم بە شوێنێکی ئەمین کردووە بۆ نموونە کەسی نزیکی دایک یان باوک یان داینگە کە لە نزیکەوە ئاگەداری کارەکانیان بن و دڵنیابن). (هەژار ،٢٠٢٠). کەواتە ئەگەر دایک و باوک خاوەن کار و پیشەی خۆیان بوون دەبێت منداڵەکانیان لە شوێنێکی پارێزراو دانێن ، شوێنێک بێت منداڵەکەیان توشی کردەوەیەکی خراپ نەبێت، تێکەڵاوی کەسانێک نەکرێ کە ترسی بۆ دروست بکات.

**خێزان**

خێزان واتا دایک و باوک و خوشک و برا هەندێ خێزان داپیرە و باپیرەش لەگەڵیاندا دەژین ، هەموویان ڕۆڵیان دەبێت لە پەروەردە کردن و فێربوونی منداڵەکانیان.

لەم سەرچاوەیەدا باس لە خێزان دەکات و دەڵێت ( خێزان وەک سیستەمێکی کۆمەڵایەتی، پێک دێ لە کۆمەڵە کەسێک کە لە ڕێگەی هاوسەرگیری، بەرهەمهێنانی منداڵ و پەروەردەکردنی منداڵەوە

پێکەوە دەژین. ئەم سیستەم و دەزگا کۆمەڵایەتییە بە درێژایی مێژوو، ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ و بەبایەخی گێڕاوە لە گەشەسەندن و پێشکەوتن و بەکۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤدا). (لەتیف، ٢٠٢٢) ئەوە تێگەیشتن واتە خێزان کۆمەڵەیەکن بەیەکەوە دەژین یارمەتیدەری یەکترن و لە گەشەسەندن و زیادبوندان گرینگی بە پەروەردە کردنی منداڵەکانیان دەدەن.

هەمان سەرچاوە (لەتیف،٢٠٢٢) دەڵێ خێزان بۆتە سەنتەر و پێشەنگی پەروەردەکردنی تاکەکان و بێگومان خێزان لە چاو سیستەمەکانی تری کۆمەڵگا گرنگترین دەزگایە کە ئەتوانێ تاک لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و پێگەیشتن و خوێندەواری ئامادە بکات و دواجار ئەو زەمینەسازییە تاکێکی تەندروست بەرهەم دێنێت.

لە سەرچاوەیەکیتر بۆمان روونەبێتەوە کە منداڵ گرنگترین ئەندامی خێزانە و پێویستە پەروەردەیەکی باش و تەندروستی هەبێت،

(کۆمەڵێک کەس وپەیوەندیی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بەیەکەوەی گرێ دەدا و تاکەکانی بە چەندین ئەرک هەڵدەستن کە گرنگترینیان پەروەردەکردنی منداڵ و چاودێری کردن و دەستەبەرکردنی شوێنی کۆمەڵایتی بۆیان )(سابیر،٢٠١٤، لا،١٥) کەواتە منداڵ پێویستە پەروەردەیەکی باشی هەبێت، تەندروستی سەلامەت بێت ، شوێنێکی گونجاوی بۆ دابین بکرێت تێیدا ئاسودەبێت، هەست و سۆزی پێ بدرێت، دەبێت منداڵەکە هەست بە بوونی خۆی بکات کە چەندە گرینگە.

بەهۆی ئەم هۆکارانە منداڵ نابێت دەروونی تێک بچێت و بە بارودۆخی سەختدا تێپەڕێت لەم سەرچاوەیە باس دەکات کە منداڵ لەکاتی کێشەی خێزانی هەستی چۆن دەبێت،(کێشەی ماڵ وا لە منداڵ دەکات حەز بە ماڵ نەکات و حەز بە دیداری دایەو بابەش نەکات، هەروەها هەستی خەمۆکی لەلا دروست دەبێت و لە خوێندن دوا دەکەوێت وە منداڵێکی دووره پەرێز دەبێت، لەوانەشە خەسڵەتی باوان هەڵگرێتەوە لە قوتابخانە یان لە کاتی یاری کردن لەگەڵ هاوڕێکانیدا گرفت و کێشە دەنێتەوە). (هۆرمزیار،٢٠٢٢،٣٠). لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت لە هەر جۆرە گرفتێک کە لە ماڵەوە دروست دەبێت و کێشە لە نێوان ئەندامانی خێزان روودەدات قوربانی هەرە گەورە منداڵە.

هیچ خێزانێک بێ کێشە نیە و منداڵیش ناکرێت ئاشنای کێشە نەبێت،بەڵام پێویستە دایک و باوک بارودۆخەکان بۆ منداڵەکانیان ڕوونبکەنەوە وەکو لەم سەرچاوەیە باس لێوەکراوە دەڵێت،(گەورەترین چاکەی باوان لەگەڵ منداڵەکانیان ئەوەیە، فێریان بکەن کاتێک تووشی کێشەیەک دەبن، سەرەتا پێویستە ئارامیی خۆیان بپارێزن، بیر لە زیاد لە ڕێگەیەک بکەنەوە بۆ گەیشتن بە چارەسەر.توانای چارەسەر کردنی کێشە تایبەتمەندییەکە لەناو ژیاندا بەدەست دێت، بۆیە دەبێت هەلی تاقیکردنەوەیان بۆ برەخسێت، تاکو فێر ببن گونجاوترین ڕێگەچارە بدۆزنەوە). (گیونەش،٢٠٢٢، ١٣٩) لەم سەرچاوەیەدا بۆمان دەردەکەوێت ژیری منداڵ و تێگەیشتنی لە هەموو

بارودۆخێکی ژیاندا و چارەسەر کردنی ئەو کێشانەی ڕووبەڕوی دەبێتەوە بەهۆی گرنگی و ڕۆلی دایک و باوکیەتی.

هەمان سەرچاوە پێی وایە( ئەو منداڵەی لەسەر ئەوە ڕاهاتووە کە هەموو گرفتێک چارەسەری هەیە، منداڵێکە لەکاتی دروستبوونی کێشەدا ناشڵەژێت، منداڵێکە دایک و باوکی بە ئاسوودەیی دەتوانن ڕەوانەی ناو ژیانی بکەن)(گیونەش،٢٠٢٢،١٣٩). بێگومان ئەمەش لێهاتووی و تێگەیشتووی دایک و باوک دەردەخات، کە چەندە بە دڵسۆزانە منداڵەکەیان پەروەردە کردوە بۆ ژیانی داهاتووی. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵی دایک لەگەڵ ڕۆڵی باوک لەهەندێ روەوە جیاوازن، لەم لێکۆلینەوە بە پێویستمان زانی باس لە رۆڵی هەردووکیان بکەین.

## دایک

دایک ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە ژیان و پەروەردە کردنی منداڵەکانی ،پێویستە دایک کەسێکی نمونەیی بێت بۆیان بە شێوەیەک بێت کە وا لە منداڵەکانی بکات گوێڕایەڵی بکەن و سەرکەوتووبن لە ژیانیاندا بەتایبەت لە خوێندن و فێربووندا.

ئەم سەرچاوەیە باس لە پەیوەندی دایک دەکات لەگەڵ منداڵەکەی (پەیوەندیی منداڵ لەگەڵ دایکیدا، پەیوەندییەکی سۆزدارییە زیاتر لەوەی کە پەیوەندییەکی پەروەردەیی بێت .. منداڵ لە هەناوی دایکیدا دروست دەبێ و، هەر لە باوەشی ئەویشدا چاوەکانی هەڵدێنێ و، منداڵ لە سایەی سۆز و خۆشەویستی دایکیدا گەورەدەبێت ،دایکان ئەرکێکی گەورەیان لە سەرشانە و رۆڵێکی گرنگییان لە پەروەردەکردنی منداڵدا هەیە و، کە لە رۆڵی هەموو کەس و لایەنەکانی تر گرنگتر و کاریگەرترە). (شوان، ٢٧١٣). دایک ئارامی خێزانە بەبێ دایک کەم و کورتی لە ژیان دروست دەبێت، بە تایبەت بۆ منداڵ کە لە هەموو قۆناغێکی ژیان پێویستی بە دایکە چونکە دایک کەسێکی میهرەبانە بۆ منداڵەکانی.

لە هەمان سەرچاوە دەڵێت (کۆمەڵێک خەسڵەتی تایبەتی لە دایکاندا هەن، وەکو: سۆز و، خۆشەویستی و، بەزەیی و میهرەبانی و، ئارامی خۆڕاگرتن لە بەخیوکردن و پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵاندا. هەموو ئەم خەسڵەتە جوانانە، پیرۆزی و شانازی و خۆشەویستی و ریزگرتن و پێزانینیان بە دایکان بەخشیوە.) (شوان،٢٧١٣). کاتێک دایک بەم شێوە بێت ڕۆڵێکی یەکجار گرنگی دەبێت لە پەروەردەکردن و فێربوونی منداڵەکەی بە تایبەت لە گرنگترین قۆناغی ژیانی کە خوێندنە، بە هەمان شێوە ڕۆڵی باوکیش بەدەر نیە لە لە ژیانی منداڵەکان، ئێمەی لێکۆڵەران باسی لێوە دەکەین و دەیخەینەروو.

**باوک**

باوک قەڵای خێزانە ڕۆڵی تایبەتی هەیە لە پەروەردە کردنی منداڵەکانی، زۆر منداڵ هەیە زیاتر لەوەی هۆگری دایکەیەتی هۆگری باوکیەتی. باوکیشی ڕۆڵ دەبینێت هەم لە پەروەردە کردنی و هەم بەخێوکردنی و دابینکردنی پێداویستیەکانی بە تایبەت لەخوێندن و فێربونیدا، وەک لەم سەرچاوەیەدا هاتوە باس لە باوک دەکات. (باوک ئەشێ ئەو کاراکتەرە چالاک و پاڵپشتە مەعنەویەی ژیان و خێزان و کۆکەرەوەی جیاوازیەکان و بەخشین و دابەش کردنی خۆشەویستی بێت بە گشت ئەندامانی خێزانیەوە بێ جیاوازی). (ئاژگەیی،٢٠٢١). کەواتە باوک ڕۆڵێکی تایبەتیی خۆی هەیە لە ژیانی خێزانەکەیدا بەتایبەت منداڵەکانی ، منداڵ پێویستی زۆری بە باوک دەبێت لە گشت قۆناغەکانی ژیانی، بەتایبەت قۆناغی قوتابخانە کاتەک منداڵەکەی دەخاتە بەر خوێندن، بێگومان دەیەوێت منداڵەکەی کەسێکی نمونەی لێ دەربچێت و شانازی پێوە بکات لە لێهاتووی لە خوێندنخو فێربووندا. وەک دەبینین لە هەمان سەرچاوە دەڵێت (باوک ئەو مرۆڤەیە کاتێک تۆ سەرکەوتن بەدەست دێنی، ئەو بەهۆی تۆوە لە لوتکەی شانازیکردندا وەک ئەستێرەی مانگی شەوی چواردە ئەدرەوشێتەوە). (ئاژگەیی ،٢٠٢١). بێگومان باوکیش وەک دایک سۆز و خۆشەویستی هەیە بۆ منداڵەکانی، لە کاتی دڵخۆشی منداڵەکانی ئەویش دڵخۆشە و خۆشەویستی خۆی دەردەبڕێت بۆیان. لە سەرچاوەیکیتر باس لە پێگەی باوک دەکات لە تەرخانکرنی کات بۆ منداڵەکانی.(باوک بە پلەی یەکەم بەرپرسیارە. پێویستە باوک بەشی ئەوە کات بۆ منداڵەکانی تەرخان بکات و وەک پێویست سۆزی باوکایەتیان پێبدا، خۆ ئەگەر بتوانێ پەیوەندییەکی هاوڕێیانەیان لەگەڵدا ببەستێ، ئەوە لە باری پەروەردەییدا هەر زۆر گرنگترە). (بێخاڵی،٢٠١٨). بەم شێوەیە باوک دەبێت کاریگەری لەسەر منداڵەکانی هەبێت بە تایبەت لە پەروەردە کردنیان، دەبێت گرینگی بە قسەکانیان بدات و هەمیشە گفتوگۆیان لەگەڵ بکات، بەم شێوە منداڵەکانیش گوێڕایەڵی باوکەکە دەبن، لە هەمان سەرچاوەدا باس لەو پەیوەندیە دەکات لە نێوان باوک و منداڵ دەڵێ. (باوک ئەو پەیوەندییە گەرم و گوڕ بکات. بۆ نموونە، گەشت و گەڕان لەگەڵیان، ئیتر بۆ ناو سروشت بێت، یان شوێنە گشتییەکان، بوارێکی گونجاون بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییە پتەو بکرێتەوە بەتایبەتی کە لەو جۆرە دەرفەتانەدا بواری گفتوگۆ و لەیک نزیکبوونەوە زیاد دەبێت، وەکو تریش دڵنیاییەک دەبەخشێتە منداڵ، کە کەسێک هەیە لە ترس دەیپارێزێ و لە ئاوەدانیدا دەستی دەگرێ و لە ونبووندا داڵدەی دەدات و باوەشی بۆ دەکاتەوە، لەناو سروشتدا هاوکاریی خۆشی و یاری و گاڵتە و گەپەکانی دەبێت، لەگەڵی پێدەکەنێ و پیاسە دەکات). (بێخاڵی،٢٠١٨). کەواتە ئەگەر ساڵانە بۆ جارێک و دوو جاریش بێت، ئەرکی باوکانە لە گەشتێکی دەرەوەی چوار دیواری ماڵ، با بۆ نزیکترین پارک و باخچەی شارەکەشیان بێت، لەگەڵ منداڵەکانیدا گەشت و پیاسەیەک بکەن، چونکە ئەمە هۆکارێکە بۆ پتەوکردنی پەیوەندی و خۆشەویستی نێوان ئەندامانی ماڵ و هەستکردنی زیاتری منداڵ بە سۆز و دڵنیایی و ئاسایش.

**پەیوەندی نێوان قوتابی و دایک و باوک**

قوتابی بەتەنها خۆی ناتوانێت سەرکەوتنی تەواو بەدەست بهێنێت بەلکو دەبێت دایک و باوکی ڕۆڵێکی سەرەکی ببینن لە ژیانی ئەو منداڵە بۆ پێشکەوتن و بەدەست هێنانی سەرکەوتن و فێربوون و فێرکردندا. قوتابی پێویستە قوتابخانەی خۆشبوێت و حەز بکات بچێت بۆ قوتابخانە ئەگەر ئەو هەستەی نەبێت دەبێت دایک و باوک ئەو هەستەی لەلا دروست بکەن، وەک لەم سەرچاوەیە دەبینین دەڵێت (قوتابخانە شوێنی پێگەیاندنی منداڵە ڕەنگە ببێتە شوێنی دۆزینەوەی بەهرەی منداڵ، هەندێک منداڵ ئارەزووی چوون بۆ قوتابخانەیان نییە هۆکاری زۆر هەیە کە منداڵ ئارەزووی چوون بۆ قوتابخانە ناکات، ڕەنگە بەهۆی بینای قوتابخانە بێت یان ئەو ئامرازانەی کە لە ڕێگەیەوە زانیاری دەگوازرێتەوە بۆ قوتابیەکان یان بەهۆی هەندێک لە قوتابیەکان بێت هتد...). (هەژار ،٢٠٢٠). جا هەر یەکێک لەم هۆکارانەبێت پێویستە دایک و باوک گرنگی پێبدەن و وا لە قوتابیەکەیان بکەن کە ئەو شتەی ئەو حەزی پێ ناکات لەلای خۆشەویست بکەن، بە شێوازێکی جوان و باش پشانی بدەن تاکو ناخۆشیەکەی لەلا ببێت بە خۆشی وای لێبێت خۆی چاوەڕێ بکات بۆ کاتی چوونی بۆ قوتابخانە.

هەر لەهەمان سەرچاوەشدا باسی لە ڕۆلی دایک و باوکی کردوە کە هەندێک جار گرنگی بە قوتابیەکەیان نادەن ، دەڵێت (هەندێک هۆکار هەیە کە بۆ دایک و باوک دەگەڕێتەوە کە بەپێی پێویست گرینگی بە منداڵ نادەن ، هەندێک ڕێگا هەیە کە وا لە منداڵ دەکات ئارەزووی چوون بۆ قوتابخانە بکات کە ئەوەش ئەرکی دایک و باوکە ، سەرەتا دەبێت سیستەمی (خەو، خۆراک، چونەدەرەوە بۆ منداڵ ڕێکبێخن ). (هەژار ،٢٠٢٠). کەواتە وەک ئەوەی باسمان کرد ،دەبێت دایک و باوک ڕێگا خۆشکەر بن بۆ ئەوەی منداڵەکەیان ئارەزوی قوتابخانە بکات، بەتایبەت لە وانەکانی نابێت دوا بکەوێت و بەلکو دەبێت پێشبکەوێت، زۆر قوتابی بەهۆی ئەنجام نەدانی ئەرکی ماڵەوە نایەوێت بچێت بۆ قوتابخانە، واتە لە ئەنجامدا دایک و باوکان دەبێت ڕۆژانە ئاگاداری ئەرکی ماڵەوەی قوتابیەکەیان بن.

قوتابی کاتێک دەنێردرێت بۆ قوتابخانە دایک و باوک دەبێت بزانن چی دەبات و لە چی کەمە بە تایبەت لەلایەنی مادیەوە هەمان سەرچاوە وتراوە (لەلایەنی ماددی پێویستە پێداویستییەکانی قوتابخانە بەپێی پێویست دابین بکەن وە خەرجی ڕۆژانەش بۆ منداڵ دابین بکرێت، وە هەڵبژاردنی کەلوپەلی قوتابخانە بەپێی ئارەزووی منداڵ بێت ). (هەژار ،٢٠٢٠). کەواتە دایک و باوک تا لەتوانای دابێت نابێت ڕێگە بەوەبدات منداڵەکەی چاوی لەدەستی هاوڕێکانی بێت یان هەر کەسێکیتر، هەر شتێک کە بە ئارەزووی خۆی بۆی دابین کرابێت ئەو منداڵە دڵی پێ خۆش دەبێت و لەهەمان کاتدا بە جوانی دەیپارێزێت، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر شتێک بە دڵی خۆی بۆی نەکرابێت ڕەنگە هەوڵی لەناو بردنی بدات. بۆیە لەم سەرچاوەیە دا چەند ئەرک و بەرپرسایەتییەکی دایک و باوک خراوەتەڕوو:

1. پێویستە بە گوفتار و ڕەفتار و کردار، وەک مرۆڤ سەیری منداڵ بکات.
2. هەموو مافەکانی بپارێزێت و پێشێلی نەکات.
3. لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە ژیانێکی شایستەی بۆ دابین بکات.
4. لە هەموو تەنگ و چەڵەمەیەکی ژیان بیپارێزێت.). (پێندرۆیی ،٢٠١٥،١٥٧).

دەبێت دایک و باوک ئەوە بزانێت منداڵ وەکوو خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، نەک وەکو کەسێکی گەورە. لە سەرچاوەیەکی تریش هەر لە بارەی پەیوەندی و ڕۆڵی دایک و باوک لەگەڵ قوتابی وخوێندنی سەرکەوتنی دەڵێت: (دایک و باوک بەشێوەیەکی گشتی وەک ڕەگەزێکی سەرەکی ڕۆڵی گرنگ لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا دەگێڕن، پێویستە بە چاوی بایەخیشەوە بۆ ئەو ڕۆڵەیان بڕوانن، بە جۆرێک دەبێت هاوکاری ڕۆڵەکانیان و ناوەندەکانی خوێندن بن بۆ هێنانەدی ئامانجەکان، چونکە سەرکەوتنی پرۆسەکە تارادەیەکی زۆری پەیوەندی بە خەمخۆری ئەوانەوە هەیە بەرامبەر بە ڕۆڵەکانیان)(ڕسول،٢٠١٤،١٩٦). هەرچەندە هەموو خێزانێک بەو ڕۆڵە هەڵناستن تەنها پشتیان بە فێربوونی قوتابخانە بەستوە ، ئەمەش کارێکی هەڵەیە چونکە دایک و باوک ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە فێربوونی منداڵەکەی، بۆیە پێویستە هەموو دایک و باوکێک ئاگاداری ڕۆڵی خۆی بێت لەم پرۆسەیە بۆ سوودمەند بوونی قوتابی.

## پەیوەندی نێوان قوتابخانە و دایک و باوک

هەر قوتابیەک کە لە قوتابخانە دەخوێنێت خاوەن دایک و باوکێکە یان خاوەن خێزانێکە کە هاوکارینە و ڕێنمایی دەکەن بۆ خوێندن و فێربوون، بۆ فێربوونی قوتابی نابێت تەنها پشت بە قوتابخانە ببەستێت بەلکودەبێت قوتابخانە وماڵەوەی قوتابی هاوکاری یەکبن وەک لەم سەرچاوەیە باس لەو پەیوەندیە کراوە دەڵێت: (یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی پێشەوەچوونی پرۆسەی خوێندن و سەرکەوتنی قوتابی لە گشت قۆناغەکانی خوێندندا، دروست کردن و کاراکردنی کەناڵە جیاجیاکانی پەیوەندییە لە نێوان خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵگەدا). (پێندرۆیی،٢٠١٥،٥٤)، وەک ئەوەی باسمان کرد پەیوەندی قوتابخانە و ماڵەوەی قوتابی پەیوەندیەکی تەواوکەری یەکترن و دەبێت پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوانیان هەبێت چونکە بەتەنها سوودی تەواو ناگەینن، بەلکو دەبێت هەردوولا بەشداربن لە پرۆسەکە بۆ سەرکەوتنی قوتابی لە قۆناغەکانی خوێندنیدا.

لە هەمان سەرچاوە باسکراوە (سەرکەوتنی قوتابخانە لە ئەرک و کارەکانیدا، پەیوەستە بە کۆمەڵێک ئۆرگان و ناوەندیی دیکەوە وەک خێزان). (پێندرۆیی ، ٢٠١٥،١٩٥). کەواتە نەک تەنها قوتابی پێویستی بە خێزانەکەیتی بەلکو قوتابخانەش پێویستی بە یارمەتیی دایک و باوک و خێزانی قوتابی دەبێت، ئەگەر ماڵەوەی قوتابی پەیوەندی لەگەڵ قوتابخانە توند و پتەو بێت، ئەو قوتابیە لە وانەکانی دوا ناکەوێت و سەرکەوتوش دەبێت لە خوێندن و فێربوونی دا.

ئەو پەیوەندیەی باسکرا پێویستە بزانرێت چۆن دروست دەبێت، چۆن دایک و باوک پەیوەندی لەگەڵ قوتابخانە ببەستن، ئەمەش لەم سەرچاوەیە ڕونکراوەتەوە (یەکێک لە میکانیزمە سەرکەوتوەکانی پەیوەندی لە نێوان قوتابخانە و خێزان، کۆبوونەوە و چاوپێکەوتنە لە نێوان کەسوکاری قوتابییان و دەستەی کارگێڕی و مامۆستایاندا، جا دەکرێ ئەم چاوپێکەوتنانە لە قوتابخانە یاخود ماڵەوە بێت). (پێندرۆی،٢٠١٥، ٥٤). چاوپێکەوتن و کۆبونەوە لە نێوان قوتابخانە و خێزانی قوتابی یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکان بۆ دروستبونی پەیوەندیەکی باش و تەندروست لە نێوانیان، کاتەک روبەرو دادەنیشت و باس لە بابەتەکان دەکەن کاریگەری ئەرێنی و لەیەکگەیشت دروست دەبێت لە نێوانیاندا، دایک و باوک لە ڕێگەیەوە ئاگاداری بارودۆخی منداڵەکەیان دەبن لە خوێندن.

بێگومان قوتابیش پێویستە ئاگاداری ئەو پەیوەندیەبێت بۆ ئەوەی چالاکتر و بەهێزتر بێت لە هەوڵدانی بۆ خوێندنەکەی و هەمیشە گەشبینانە بڕوانێتە بارودۆخەکان، لەم سەرچاوەیە باسکراوە (قوتابییان بەم جۆرە چاوپێکەوتن و سەردانانە دڵ خۆش دەبن و لە ڕووی دەروونییەوە هەست بە ئاسوودەیی دەکەن و زیاتر هاندەدرێن بۆ ئەوەی باشتر جددی تر بخوێنن و باوەڕیان بە خۆیان هەبێت ، چونکە هەست بەوە دەکەن لە لایەن باوانیانەوە بایەخیان پێ دەدرێت و کار دەکرێت بۆ سەرکەوتنیان)(پێندرۆیی، ٢٠١٥،٥٥). کەواتە گرینگی پێدانی دایک و باوک بە منداڵەکانی وا لەو منداڵە دەکات باشتر هەوڵبدات بۆ خوێندن و فێربوون، بەشێوەیەک وا دەکات سەرنجی دایک و باوکی ڕابکێشێت و بڵێت من دەخوێنم بەهۆی پشتگیری ئێوەو هاندانی ئێوەیە من سەرکەوتو دەبم و پێشدەکەوم.

هەبوونی پەیوەندی لە نێوان خێزان و قوتابخانە( دایبابەکان و مامۆستایان و دەستەی کارگێریی )، سوودێکی زۆر بە قوتابییان و کەسوکاری قوتابییان و کۆمەڵگەش دەگەیەنێت، لەم سەرچاوەیەشدا لە چەند خاڵێک خراوەتە ڕوو:

1. نەوەیەکی وشیار و زانا و بەتوانا و کارەمە بۆ کۆمەڵگە پێدەگات.
2. لە ئاییندەدا بە باشترین شێوە لە گشت کایەکانی ژیاندا، سوود لە بەهرە و تواناکانی قوتابییان وەردەگیرێت ، چونکە دەبنە سەرمایەکی نەتەوەیی و نیشتمانی.
3. ڕێژەی کێشە و گرفتەکان لە قوتابخانەکاندا دادەبەزێت و ڕوو لە کەمی دەکات.
4. ڕێژەی وازهێنانی قوتابیان لە خوێندن و ڕاکردنیان لە قوتابخانە کەم دەبێتەوە.
5. کارەکانی قوتابییان لە قوتابخانە و ماڵەوە بە شێوەیەکی ڕێکوپێکتر و ئاسانتر و ئاساییتر بەڕێوەدەچێت و ژینگەیەکی ئارام دروست دەبێت.
6. پردی متمانە و بڕوابەیەکترکردن لە نێوان قوتابییان و مامۆستایان و خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵگە پتەوتر دەبێت.
7. قوتابی لە ماڵەوە و قوتابخانە دەبێتە چەقی خوێندن و فێربوون.)(پێندرۆیی،٢٠١٥،٣٦).

کەواتە بۆ هێنانەدی ئەو خاڵانەی باسمان کرد پێویستە ماڵەوەی قوتابی لەگەڵ قوتابخانە هاوکاری یەک بن، لەهەموو هەنگاوێک ئاگاداری یەکتر بن بەتایبەت ئەرکەکانی ماڵەوە کە دەدرێت بە قوتابی، وەک لەم سەرچاوەیە دەبینین (هەر چۆنێک بێت ئەرکەکانی ماڵەوە بایەخ و گرنگی خۆیان هەیە، پێویستە مامۆستا بە پلەی یەکەم و فێرخوازان و خێزانیش ئەو گرنگییەیان لە بەرچاو بێت هەموویان هاوکار یەک بن بۆ هێنانەدی ئامانجەکان). (ڕسوڵ، ٢٠١٤، ١٩٨). بەپێی ئەم سەرچاوەیە بۆمان روندەبێتەوە کە ئەرکەکانی ماڵەوە باشترین ڕێگایە بۆ زوتر فێربوونی قوتابی ، ئەمەش بەهاوکاری هەردولایەن دەبێت کە مامۆستایان و دایک و باوکی قوتابیە، لەسەردەمی ئێستاماندا زۆر لە قوتابخانەکان لە ڕێگەی ئەنتەرنێت و تەکنەلۆژیاوە ئەرکەکانی ماڵەوە بە دایک و باوکی قوتابی دەگەیەنن، لە رێگەی دانانی گروپێک بە بەشداری هەردولایان لە هەر ئەکاونتێک لە ئەکاونتەکان بێت، ئەمەش ڕێگایەکی زۆر باشە بۆ ئەوەی ماڵەوەی قوتابی ڕۆژ بە رۆژ ئاگاداری ئەرکەکانی منداڵەکەیان بن، چونکە زۆر لە قوتابیان کە دەگەڕێنە ماڵەوە ئەو ئەرکەی مامۆستا پێی داوە بیری چۆتەوە، کەواتە لێرەشدا تەکنەلۆژیا هاوکارێکە بۆ قوتابخانە و قوتابیان و ماڵەوەی قوتابی.

**ئەنجام**

ئەم توێژینەوە، بەم چەند ئەنجامەی لای خوارەوە گەیشت:

1. ئەوە ڕوون بووەوە کە دایک و باوک پێویستە لە هەمو قۆناغێیکی ژیانی منداڵەکەیان بە هاوکاری یەک کار بکەن بۆ پەروەردەیەکی دروست.
2. تێگەیشتین کە قوتابی سەرکەوتوو ئەو قوتابییەیە کە خێزانەکەی هاوکاریەتی و هانیدەدەن بۆ خوێندن و فێربوون.
3. ئەوە زانرا کاتێک دایک و باوکی قوتابی پەیوەندیەکی پتەویان هەبێت لەگەڵ قوتابخانە، قوتابی سەرکەوتوو لێهاتووتر دەبێت.
4. دەرکەوت کە قوتابخانەش پێویستی بە هاوکاری خێزانی قوتابی دەبێت لە ڕێنمایی و چالاکیەکانی قوتابخانە.
5. گەیشتین بەو ئەنجامەی کە تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێت بە باش بەکارهێنانی سوودی هەیە بۆ پەروەردەو فێربوون لە قوتابخانەکان وماڵەوەی قوتابی.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوە کوردییەکان


1. پێندرۆیی، محەمەد ساڵح (٢٠١١) کارگێڕی قوتابخانە و بەڕێوەبەری سەرکەوتوو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر
2. پێندرۆیی، محەمەد ساڵح (٢٠٢٠) ١٤٠ کلیل بۆ سەرکەوتنی قوتابی لە قوتابخانە، چاپی چوارەم، چاپخانەی تاران-هەولێر
3. جاف، صباح علی (٢٠١١) پەروەردە و فێربوون، گرفت و گۆڕان، لەسەرئەرکی پەرلەمانتاری کوردستان (سالار مەحمود) لەچاپدراوە- کەلار.
4. حسن پوور، شاهۆ (٢٠١٣) ئارەزووی خوێندنەوە، چاپخانەی سەردەم،-سلێمانی.
5. حسن، محمد فەریق (٢٠١١) بەکلتورکردنی خوێندنەوە، چاپخانەی ئاراس.
6. حەسەن، بەکر کەریم (٢٠٠٨) سەرنجە پەروەردەییەکانم لەمەڕ پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، چاپی یەکەم، چوارچرا- هەولێر
7. رسول، رسول ابراهیم (٢٠١٤) دەروازەیەک بۆ وانەوتنەوە، دەزگای چاپ و پەخشی نارین- سلێمانی
8. فەخر، نەسرین محمد (١٩٧٨) ڕێنووسی کوردی، بەغداد.
9. قادر، ڕەمەزان حەمەدەمین (٢٠٢١) ڕێگاکانی وانەوتنەوە شێوازە تیۆری و پراکتیکییەکان، چاپی سێیەم، چاپخانە تاران- هەولێر.
10. قەرەداغی، هۆمەر (٢٠١١) سیستمی فێرکاری، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی
11. مام عەبدوڵلا، سامان (٢٠٢١) ریگای وانەگوتنەوە، دەزگای ڕوانگە-هەولێر
12. محمد، محمد احمد (٢٠٢١) ریگاکانی وانەگوتنەوە لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا، چاپخانەی ماڵی راستی-هەولێر
13. محمد، ئیبراهیم قادر (٢٠١٥) شێوازە نوێیەکانی گوتنەوەی زمان، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر.
14. مستەفا، کەریم (٢٠٠٩) پلانی فێرکاری هاوچەرخ بۆ فێرگەی بنەڕەتی، ڕێکخراوی کۆمەک
15. ناوخۆش، سەلام و خۆشناو، نەریمان عبدالله (٢٠١٠) زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە-هەولێر.
16. یحیی، شنۆ (٢٠١٣) لە پەراوێزەکانی پەروەردە و فێرکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانیـ هەولێر.
17. سابیر، تاڤگە (٢٠١٤) چەمکی خێزان، چاپخانەی حاجی قادر کۆیی، هەولێر.
18. هۆرمزیار، زانا علی محمد (٢٠٢٢) بەرەو پەروەردەیەکی تەندروست،
19. پێندرۆیی، محمد صالح (٢٠١٥) ڕۆڵی خێزان و قوتابخانە لەپەروەردەو فێرکردنی قوتابییاندا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.


## سەرچاوە عەرەبییەکان


1. البجة، عبدالفتاح حسن (١٩٩٩) أصول تدريس اللغة العربية بين النظرية و الممارسة الطبعة الأولى دار الفكر-عمان.
2. بربخ، فرحان حسن (٢٠١٢) المدرسه والمجتمع، دار اسامه للنشر والتوضيع، عمان-الاردن.
3. حسن، الشحاته، (١٩٩٣) تعليم اللغة العربية بين النظرية والتطبيق، دار المجربة البائية/قاهرة.
4. الطحان، مصطفى محمد، (٢٠٠٦) التربية و دورها في تشكيل السلوك، دار المعرفة، بيروت - لبنان.
5. عدس، محمد عبدالرحيم (٢٠٠٠) كيف يتعلم الأطفال، الطبعة الأولى دار الفكر-عمان.
6. على، سعيد اسماعيل (٢٠٠٧) اصول التربيه العامه، دار المسيره، عمان-الاردن.
7. موسي، فؤاد محمد (٢٠٠٧) علم مناهج التربية، الأسس العناصر- مهارات وتطبيقات، دارالكلمة للنشر و التوزيع، الطبعة الأولى، بيروت - لبنان.

## سەرچاوەی ئینتەرنێت


1. ڕێبوار، هونەر (٢٠١٩) منداڵان چەند کاژێر سەیری تەلەفزیۆن و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان بکەن؟ لینکی ئینتەر نێت: منداڵان چەند کاژێر سەیری تەلەفزیۆن و ئامێرە... | ڕووداو.نێت(rudaw.net)
2. زێرە، هیوا (٢٠١٩) منداڵ و تەکنەلۆژیا، لینکی ئینتەرنێت: منداڵ و تەکنەلۆژیا(sharpress.net)
3. یوسف، وەلید (٢٠٢٢) پەروەردە و فێرکردن لە کوردستان لە مەترسیدایە ،لینکی ئینتەرنێت: https://kurdipedia.org/default.aspx?q=20220515111716414025
4. والی، پەیام (٢٠١٩) کاریگەری نەرێنی تەکن لۆژیا لەسەر منداڵان، لینکی ئینتەر نێت: کاریگەریی نەرێنیی تەکنۆلۆژیا لەسەر منداڵان(kurdiu.org)
5. ڕێبوار، هونەر (٢٠١٩) منداڵان چەند کاژێر سەیری تەلەفزیۆن و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان بکەن؟ لینکی ئینتەر نێت: منداڵان چەند کاژێر سەیری تەلەفزیۆن و ئامێرە... | ڕووداو.نێت(rudaw.net)
6. شێخ حەسەن، ڕزگار (٢٠٢٣) تەکنەلۆژیا و کاریگەریی لەسەر پەروەردە و کەسێتی، لینکی ئینتەر نێت: تەکنەلۆژیا و کاریگەریی لەسەر پەروەردە و کەسێتی(knwe.org)
7. دڵشاد، ڕامیار (٢٠٢٣) کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی تەکنەلۆژیا لەسەر منداڵان، لینکی ئینتەر نێت: کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی تەکنەلۆژیا لەسەر منداڵان – کەی ئای تی ئێن(kitn.net)
8. رشید، چرۆ (٢٠٢٣) شاشە ئیلیکترۆنییەکان، لینکی ئینتەر نێت: شاشە ئەلیکترۆنییەکان(knwe.org)
9. دڵشاد، ڕامیار (٢٠٢٣) چۆن زیرەکی دەستکرد AI دەتوانێت بۆ بەرەوپێشچوونی پەروەردە بەکاربهێندرێت؟ ChatGPTبە نمونە، لینکی ئینتەر نێت: چۆن زیرەکی دەستکرد AI دەتوانێت بۆ بەرەوپێشچوونی پەروەردە بەکاربهێندرێت؟ ChatGPT بە نمونە. – کەی ئای تی ئێن(kitn.net)
10. بەهادین، زەبەنگ (٢٠٢٠) تەکنەلۆژیا جادووە، لینکی ئینتەر نێت: Draw Media
11. هەژار، ئیمان (٢٠٢٠) ئەرکی دایک و باوک لەدەستپێکی پرۆسەی پەروەردەی منداڵ، لینکی ئنتەر نێت: ئەرکی دایک و باوک لە دەستپێکی پرۆسەی پەروەردە کردنی منداڵ(kurdiu.org)
12. لەتیف، دانا (٢٠٢٢) گرنگی خێزان وەک یەکەیەکی کۆمەڵایەتی، لینکی ئینتەر نێت: گرنگیی خێزان وەک یەکەیەکی کۆمەڵایەتی(hawlerweb.net)
13. ڕەزا، شوان (٢٠١٣) ڕۆڵی دایک و باوک لەپەروەردەکردنی منداڵ، لینکی ئینتەر نێت: ڕۆڵی دایک لە پەروەردەکردنی منداڵدا(kurdpa.net)
14. بێخاڵی، نوری (٢٠١٨) لە بارەی پەروەردەکردنی منداڵ.. خێزان و قوتابخانە وەک دوو کۆڵەگەی سەرەکی، لینکی ئینتەر نێت: لە بارەی پەروەردەکردنی منداڵ.. خێزان و قوتابخانە وەک دوو کۆڵەگەی سەرەکی (wishe.net)
15. ئاژگەیی، شۆڕش خالد (٢٠٢١) باوک کێیە؟ لینکی ئینتەر نێت: باوک کێیە؟(awene.com)